
کۆبوونەوەی رۆژانەی مسعود بارزانی وای کرد پێشمەرگە بە حەماس و هەستێکی نەتەوەیی بەرگری لە سەنگەرەکانی خۆی بکات و داستانێک تۆمار بکەن



مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەر (عەلی شنگالی) رادەگەیەنێت
4


8

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
ماسك بەستن
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە(5999) یەکشەممە 6ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆک ماکرۆن: فەرەنسا لە پشتگیریی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سوپاس و پێزانینی خۆی و هەرێمی کوردستانی بۆ سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا دووپات کردەوە و ستایشی ڕۆڵی فەرەنسای لە پشتگیریی بەردەوامی لە هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و هاوکاریی هەوڵێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کرد، سەرۆک ماکرۆنیش دووپاتی کردەوە کە لە سەردانی داهاتوویدا بۆ عێراق، خۆشحاڵ دەبێت بێتە هەوڵێر و لە نزیکەوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/٢ لە بەغدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی فەرەنسا کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان، کێشەکانی هەوڵێر ـ بەغدا، بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسا و دواییین پێشهاتەکانی ناوچەکەیان بەگشتی تاوتوێ کرد.

سەرۆك ماکرۆن ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تێکشاندنی داعش بەرز نرخاند و وێرای دەربڕینی خۆشحاڵیی بە گفتوگۆی نێوان هەوڵێر و بەغدا، پشتگیریی فەرەنسای بۆ هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە چوارچێوەی دەستووردا دووپات کردەوە.

پاراستنی سەروەریی عێراق و بەردەوامیی مەترسییەکانی تیرۆر و جموجوڵەکانی داعش، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گژرییەکان و پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکە و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولاش لە کۆبوونەوەکەدا خرانە بەر باس کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و باڵیۆزی فەرەنسا لە بەغدا و ئەندامانی شاندی هەردوولا ئامادەی بوون.

نێچیرڤان بارزانی و ئەردۆغان دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/٤ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەنقەرە لەگەڵ بەڕێز ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا جەختیان لە خواستی دوولایەنە بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، بەتایبەتی فراوانکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئالوگۆڕی بازرگانی و هاریکاری و هاوبەشیی ئابووری کردەوە، هەروەها تیشکیان خستە سەر دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی تورکی لە کەرتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بڕی 500 ملیۆن دینار بۆ تەندروستی پارێزگای هەڵەبجە تەرخانکرا



دوێنێ شەممە 2020/9/5 بە فەرمانی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا، بڕی پێنج سەد ملیۆن دینار بۆ تەندروستی پارێزگای هەڵەبجە تەرخانکرا بۆ دابینکردنی ئامێر و پێداویستی پزیشکی پێویست، کە بەشێکە لە بودجەی فریاگوزاری حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بۆ دەڤەر و پارێزگاکانی هەرێم تەرخانکراوە.

وەزارەتی تەندروستی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
5 ئەیلول 2020

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا وەرزی یەکەمی ساڵی نوێی خوێندن بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەست پێ بکرێت

4


6

تەندروستیی هەولێر:
گوشار لەسەر نەخۆشخانەکانمان نەماوە


3

دوو منداڵی ونبووی ئێزدی لەگەڵ شاندی هەرێم لە تورکیا دەگەڕێنەوە



نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم سالح داکۆکی لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە

جەخت لە پێویستیی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ کرایەوە

لە دریژەی دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لە بەغدا، پاشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢/٩/٢٠٢٠ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز د. بەرهەم سالح سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بە هەڵومەرجی سیاسیی عێراق و ناوچەکە بیروڕایان گۆڕییەوە و باسیان لە گرنگیی یەکخستنی هێز و توانەکان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و زاڵبوون بەسەر ناکۆکییەکاندا، کرد. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا جەخت لە پێویستیی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور و پاساو و پاراستنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و عێراق بێ جیاوازی، کرایەوە.

دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە و پێویستیی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبوونەوە

نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/٢ لە بەغدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز محەمەد ئەلحەلبوسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پرۆسەی سیاسی و کاری ئەنجوومەنی نوێنەران و یاسادانان، بابەتی دادگای فیدراڵی و میکانیزمی کاندیدکردنی ئەندامانی، پرۆسەی هەڵبژادنی داهاتووی عێراق، مەترسییەکانی تیرۆر، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، دۆخی گشتیی وڵات بەتایبەتی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی دژی داعش و پێویستییەکانیان، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، دۆخی پێکهاتەکان و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد. هەردوولا جەختیان لە گرنگیی هاوبەشی و هاوکاریی نێوان لایەن و پێکهاتەکانی وڵات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی ئەم قۆناغەی وڵات و تێپەڕاندنی قەیرانەکان کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسی لە بەرەوپێشچوونەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق کرا و پشتگیریی خۆیان بۆ هەوڵەکانی گەڕاندنەوەیان، پێویستیی بایەخدانی زیاتر بە دۆخی ئاسایش و سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە خەڵکی گەڕاوە بۆ ئەو ناوچانە، لەگەڵ چەند پرسێکی دی، خرانە بەر باس.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: چارەسەرکردنی بنچینەیی و یەکجاریی کێشەکان لە بەرژوەندیی تەواوی عێراق دایە



لە یەکەم وێستگەی سەردانیدا بۆ بەغدا، پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا و هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی، بەردەوامیی گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، مەترسییەکانی تیرۆر و جموجووڵەکانی داعش، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا تاوتوێ کران.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی کوردستان ئامادەی بوون، هەردوولا جەختیان لە گرنگی و پێویستیی کاری پێکەوەیی و هاوبەشیی هەموو پێکهاتە و لایەنەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان کردەوە. هەردوولا کۆک بوون لەسەر گرنگیی هاریکاری و هەماهەنگیی پێشمەرگە و سوپا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر و دڵنیابوون لە نەهێشتنی داعش.

دەربارەی کێشەکانی هەولێر ـ بەغداش، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک وەزیران مستەفا کازمی داکۆکییان لە بەردەوامیی گفتوگۆکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیری یەکجاری بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و هاوکاریی هاوکاری و کاری پێکەوەیی لەنێوان لایەنە نیشتمانییە عێراقییەکاندا بۆ ئەوەی پێکەوە بە ڕوانینێکی نوێ بۆ داهاتوو هەنگاو بنێن، ڕووبەڕووی تەحەدییەکان بینەوە و وڵات لە کێشە و قەیرانەکان دەرباز بکەن.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، ڕووبەڕووبوونەوەی و تێپەڕاندنی قەیرانەکان و هەردوولا کۆک بوون لەسەر گرنگیی هاوبەشی و پێکەوەیی و پێویستیی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنیان، خرانە بەر باس. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان و پێکهێنەرانی هاوپەیمانیی عێراقییوون کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

هەردوولا هاوڕابوون لەسەر گرنگیی هەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنیان، خرانە بەر باس. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان و پێکهێنەرانی هاوپەیمانیی عێراقییوون کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

هەردوولا هاوڕابوون لەسەر گرنگیی هەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات و تیرۆر، پرۆسەی سیاسیی وڵات و گرنگیی بەشداری و هاوبەشیی پێکهاتە عێراقییەکان تیایدا، پاراستنی یاسا و سەروەریی وڵات، پابەندی بە دەستوور و سیستمی فیدراڵییەوە بۆ پاراستنی سەقامگیری لە عێراق و چەند پرسێکی دی باس کران و بیروڕایان لەبارەیەوە ئاڵوگۆڕ کرا.

پێشتر لە بابەتی مامەڵەمەکردن لەگەڵ کێشەکان کەموکوڕی هەبووە و هیوای خواست هەردوولا بتوانن بە تێڕوانینێکی تازەی هاوبەش هەنگاو بۆ چارەسەری بنێن. لای خۆیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانییش دووپاتی کردەوە کە چارەسەرکردنی بنچینەیی و یەکجاریی کێشەکان لە بەرژوەندیی تەواوی عێراقدایە و سەقامگیری بۆ وڵات دەگەڕێنێتەوە.

پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، پاراستنی سنوورەکان و سەروەریی عێراق، سەردانی سەرۆک وەزیران بۆ واشنتۆن و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، سەردانی سەرۆکی فەڕەنسا بۆ عێراق و ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە بەشداریی ئافرەتان لە هێزەکانی ئاسایشی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کرد و ڕێزی لە قوربانیدانی ئەو ئافرەتانە گرت کە لە شەڕی داعش گیانیان لەدەستداوە.



نێچیرڤان بارزانی و عەمار ئەلحەکیم کۆبوونەوە

لە بەردەوامیی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز سەید عەمار ئەلحەکیم، سەرۆکی ڕەوتی ئەلحیکمەی نیشتمانی کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق و پرسی هەڵبژاردنی پێشوەخت و کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ و گفتوگۆ و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنیان، خرانە بەر باس. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان و پێکهێنەرانی هاوپەیمانیی عێراقییوون کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

هەردوولا هاوڕابوون لەسەر گرنگیی هەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات و

ئێران پێشنیاری ڕووسیای بۆ دانووستانی ڕاستەوخۆی تاران - واشنتۆن ڕەتکردەوە

ئێران ئەڕێنیانە وەڵامی داواکاری ڕووسیای دایەوە بۆ دانووستانی ڕاستەوخۆی لەنێوان تاران و واشنتۆندا.

سەرۆکی نووسینگەی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، مەحموود واعیزی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی نیمچە فەرمیی ئێران تەنسیم، پێشنیاری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤی ڕەتکردەوە بۆ دانووستانی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئێران و ئەمەریکادا.

واعیزی باسی لەوە کرد کە ڕووسیاش وەک وڵاتانی دیکە هەوڵی خستووەتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی گرژیی نێوان ئەمەریکا و ئێران و، گوتی: پلانمان نییە دانووستان لەگەڵ ئەمەریکییەکان بکەین و بەشێوەیەکی زۆر ڕوون هەڵوێستمان لەو بارەیەوە بەیان کردووە. گوتیشی: ئەمەریکییەکان دەتوانن تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە وەک لایەنێکی ڕێککەوتنەکە دانووستان بکەن. بەدەرلەوە هەموو جۆرە هەوڵێکی دیکە بێ ئەنجام دەبێت. جێی باسە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لاڤرۆڤ، ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو، لە گوتارێکیدا بۆ خوێندکارانی پەیانگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتی مۆسکۆ، باسی لەوە کرد کە ئەگەر هەردوولا پەسەندی بکەن ئامادەین پشتیوانی بکەین لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئەمەریکا و، گوتی: «باوەڕمان وایە کە ڕاستەوخۆ خستنەڕووی ناکۆکی و کێشەکان و وەرگرتنی وەڵام بەڕاستەوخۆیی لە هەموو شتێك باشترە.



نێچیرڤان بارزانی و ئەردۆغان دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/٤ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەنقەرە لەگەڵ بەڕێز ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا جەختیان لە خواستی دوولایەنە بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، بەتایبەتی فراوانکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئالوگۆڕی بازرگانی و هاریکاری و هاوبەشیی ئابووری کردەوە، هەروەها تیشکیان خستە سەر دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی تورکی لە کەرتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا.
هەردوولا پوختەیەکیان لەبارەی بڵاوبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی خستە ڕوو، لەمبارەیەشەوە بەڕێز سەرۆکی تورکیا دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی بۆ هەموو جۆرە یارمەتیدان و هاوکارییەکی هەرێمی کوردستان ئامادەیە و هەموو پێداویستییەکی تەندروستی و پزیشکی پێشکەش دەکەن.
لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە گفتوگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق و دواییەن هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاڵۆزییەکانی سنوور کرا، هەروەها دۆخی گشتیی عێراق و هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی داعش خرانە بەر باس.
دواییەن پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بەگشتی، هەوڵەکان بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

هەرێمی کوردستان و تورکیا جەخت لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان دەکەنەوە



سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/٤ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری لە ئەنقەرە لەگەڵ بەڕێز مەولوود چاوشۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیا و چۆنیەتیی پەرەپێدانی زیاتریان لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا تاوتوێ کران و هەردوولا جەختیان لە بڕەودانی زیاتر بە جموجووڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان کردەوە.
بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەری و لێکەوتەکانی بەتایبەتی لەسەر بواری ئابووری لە هەرێمی کوردستان و تورکیا تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو. لەمبارەیەوە بەڕێز وەزیری دەرەوەی تورکیا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان نیشان دا بە پێشکەشکردن و ناردنی یارمەتی و پێداویستیی پزیشکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە.
پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، مەترسییەکانی داعش و بەرەنگاربوونەوەی، دواییەن پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

نێچیرڤان بارزانی و جێنین پلاسخارت ڕۆڵی یوونیتاس لە عێراق تاوتوێ کرد



هەر لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خاتوو جینین پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا پرۆسە و دۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد و تیشکیان خستە سەر پەیوەندییەکان و گفتوگۆی هەولێر - بەغدا و لێکگەیشتنی ئەو دواییەی هەردوولا لەسەر بابەتی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.
بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، ئاماژەی بە ڕۆڵی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد کە دەتوانێت یارمەتیدەری هەولێر و بەغدا بێت بۆ هاندانی گفتوگۆیەکی جددیی نێوانیان لەپێناو چارەسەرکردنی بنچینەیی و یەکجاریی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور، هەروەها تیشکی خستە سەر ڕاپۆرتی نوێنەری سکرتێری گشتیی یوونیتاس لە عێراق کە سەبارەت بە گرنگیی جێبەجێکردنی دەستوور و سیستمی فیدراڵی، پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد.
دواییەن پێشهاتەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی، هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق و یاسای هەڵبژاردن و دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

دوو منداڵی ونبووی ئێزدی لەگەڵ شاندی هەرێم لە تورکیا دەگەڕێنەوە



دوای چەندین ساڵی دابڕان لە خێزان و کەسوکاریان، ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/٤ دوو منداڵی ئێزدی کە خوشک و بران و داعش ڕفاندبوونی، لەگەڵ شاندی یاوەری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەردانەکەیاندا بۆ ئەنقەرە، گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان و لە فڕۆکەی نێودەوڵەتیی هەولێر ڕادەستی کەسوکاریان کراونەوە.
نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی ئێزدیی سەر بە نووسینگەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کار لەسەر کەیسی ئەم دوو منداڵە ئێزدییە دەکات و دوای هەوڵێکی زۆر و بە هاوکاریی خێرخوازان و لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی تورکیا، توانرا بدۆزرێنەوە و دوای تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان، بگەڕێنرێنەوە هەرێمی کوردستان.
سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و نووسینگەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی هەموو ئەوانە دەکات کە لەم کەیسەدا هاوکار بوون، هەروەها سوپاسی لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات کە یارمەتیدەر بوون لە ڕاییکردنی مامەڵە فەرمییەکان و زوو بەڕێکردنی ڕێکارەکان بە شێوەیەک کە ئەمڕۆ توانرا بگەڕێنرێنەوە هەرێمی کوردستان.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا وەرزی یەکەمی ساڵی نوێی خوێندن بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەست پێ بکرێت



رۆژی چوارشەممە ٢-٩-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بەشداریی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کرد کە تایبەت بوو بە تاووتوێ کردنی بژاردەکانی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ لە ناوەند و دامەزراوەکانی خوێندنی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، هەر یەك لە ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە و عەبدولحەکیم خەسرۆ سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون (لە جیاتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) ڕاپۆرتێکی بەرفراوانیان دەربارەی چۆنێتی و ئەگەر و بژاردەکانی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بە ڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان خستەڕوو .

دواتر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندنی بۆ دۆخی تەندروستی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئاماژەکانی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) و پێشهات و ئەگەرەکان خستەڕوو .

دوای تاوتوێ کردنی هەموو ئەگەرەکان و بە هۆی بەردەوامیی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەردەوامیدان بە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و پاراستنی بەرژەوەندیی قوتابیان و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و لەسەر پێشنیاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا وەرزی یەکەمی ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ بە شێوەی خوێندنی ئەلیکترۆنی دەست پێ بکرێت (جگە لە قۆناغی دوازدەی ئامادەیی) و، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیشی ڕاسپارد لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان ڕێنمایی و ئامادەکاریی پێویست بۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژژمێری وەرزی یەکەمی خوێندن لە گشت ناوەندەکانی خوێندن و دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بە شێوەی ئەلیکترۆنی بکەن. ئەنجوومەنی وەزیران سەرەڕای دووپاتکردنەوەی گرنگیی پابەندبوونی هاوواڵتیان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی لە کۆرۆنا کە بەداخەوە لە تەشەنەکردنایە، وەزارەتی تەندروستیشی ڕاسپارد کە ڕێنماییە تەندروستییەکانیان لەمبارەیەوە ڕێکبخەنەوە و بە هاوههەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەسەر هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی خۆپارێزی بەردەوام بن و، وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش، ڕاسپێردران بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێدراویستیی دارایی بۆ ئەم پرۆسەیە دابین بکەن.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەر (عەلی شنگالی) ڕادەگەیەنێت



بەهۆی کۆچی دوایی هەڤاڵ (عەلی شنگالی)و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەر و سەرکردەی ماندوونەناس و پێشمەرگەی دێرین (عەلی شنگالی) ڕادەگەیەنین، کە دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆش پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دوا ماڵئاوایی لێکردین. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو و سەرجەم هەڤاڵانی پارتیمان دەکەین.

خوالێخۆشبوو (عەلی شنگالی) کەسایەتیەکی ناسراو و سەرکردە و کادیرێکی دێرینی پارتیمان بوو، هەر لە زووەوە پەیوەندیی بە ریزەکانی پارتیمانەوە دەکات و لە ساڵی(١٩٥٩) دەبێتە ئەندامی لقی یەك و لە شۆڕشی ئەیلوڵ وەك پێشمەرگە و کادرێکی چالاك و جەماوەریی ڕۆڵی خۆی دەبینێت،

لەساڵی (١٩٦٤) دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و پاشان لەساڵی (١٩٦٥) بەرپرسیاریەتی لقی(٤)ی پێدەسپێردرێت و لە ساڵی (١٩٦٦) بەشداری کۆنگرەی حەوتەم دەکات و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێتەوە و، لە ساڵی (١٩٧٠) دەبێ بەجێگری پارێزگاری دهۆك و لە خزمەتی ڕێبازی بارزانی و گەلەکەمان بەردەوام دەبێت.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو (عەلی شەنگالی) پاش ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەشمان لە سەر هەمان ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی بەردەوام دەبێ و، لەساڵی(١٩٩٣) لە کۆنگرەی(١١)ی پارتیمان بۆ جاری سێیەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێتەوە، دواتر لەساڵی (١٩٩٧) وەك ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی بۆ پەیوەندییە عەرەبییەکان کار و خزمەتی کردووە، بەرامبەر بەو خەبات و تێکۆشانەی لەساڵی (١٩٩٩) لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانی میدالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو(عەلی شەنگالی) کەسایەتیەکی خاوەن هەڵوێست و وەفادار بوو بەرامبەر ڕێبازی بارزانی و پارتیمان و هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و کاروانی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، لەو پێناوەشەدا بەدرێژایی تەمەنی دڵسۆزانەو خەمخۆرانە لەو کار و ئەرك و پلە و پۆستە حزبی و حکومیانەی پێی سپێردراوە، سەرکەوتوانە و لەخۆبردوانە و دڵسۆزانە بەئەنجامی گەیاندوون، بۆیە لەدەستدانی زیانێکی گەورە بوو بۆ پارتیمان و گەلەکەمان.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەواریین خانەوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر، خوالێخۆشبوو (عەلی شەنگالی) لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و، خوای گەورە گیانی هەڤاڵی کۆچکردوومان بە بەهەشتی بەرین شادبکات...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٠/٩/٥

هەرێمی کوردستان.. 504 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، 504 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و 13 حاڵەتی دیکەی گیانلەدەستدانیش تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە 31 هەزار و 636 و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە هەزار و 186 کەس.

دوێنێ شەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی وەزارەتەکەی لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، لە 24 کاتژمێرەکەدا چوار هەزار و 100 پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە، هەزار و 218 لە هەولێر، 696 لە سلێمانی، 83 لە گەرمیان، 35 لە هەڵەبجە و، دوو هەزار و 68 کەسیش لە دهۆك بوونە، دەرەنجام 504 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە و 13 حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمارکراوە: پارێزگای هەولێر، 201 تووشبوو، سێ حاڵەتی گیانلەدەستدان

شاری سلێمانی، 103 تووشبوو، هەشت حاڵەتی گیانلەدەستدان

ئیدارەی گەرمیان 19 تووشبوو.

ئیدارەی ڕاپەڕین، یەك حاڵەتی گیانلەدەستدان.

پارێزگای دهۆك، 171 تووشبوو، یەك حاڵەتی گیانلەدەستدان .

هەڵەبجە، 10 تووشبوو.

ئاماژە بەوەشدراوە کە لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 492 نەخۆش دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەوەتەوە کە 210 لە هەولێر، 27 لە سلێمانی، 28 ئیدارەی گەرمیان، 206 لە دهۆك و، 21 لە هەڵەبجە بووە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکردووە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا 338 هەزار و 322 پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە، 132 هەزار 298 لە هەولێر، 91 هەزار و 871 لە سلێمانی، 110 هەزار و 965 لە دهۆك و، سێ هەزار و 188 لە هەڵەبجە بووە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 31 هەزار و 636 کەس کە، 12 هەزار و 781 لە هەولێر، 12 هەزار و 556 لە سلێمانی، پێنج هەزار و 284 لە دهۆك و هەزار و 15 کەسیش لە هەڵەبجە بووە، لەنێویاندا هەزار و 186 حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە، 444 لە هەولێر، 652 لە سلێمانی، 73 لە دهۆك و 17 حاڵەت لە هەڵەبجە بووە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: چاوەڕوان ناکرێ تا ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو کاری بەرفراوانی کوتان بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ببینین

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بڵاویکردەوە کە چاوەڕوان ناکرێت تا پێش ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو کاری بەرفراوانی کوتان لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بکرێت. گوتەبێژی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، مارگاریت هاریس، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە نووسینگەی جنێڤی نەتەوە یەکگرتووەکان سازیکرد، باسی لەوە کرد کە کارەکانی پێکوتەی دریژی بڕیوە و، گەیشتووەتە تاقیکردنەوەکانی کلینیکی.

هاریس ئاماژەی بە گرنگیی کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی و ئاسایشی پێکوتەی ڤایرۆسەکە کرد بەشێوەیەکی هەستیار و، ڕایگەیاند: ئەو قۆناغە «تاقیکردنەوەکانی کلینیکیFaz III» دەبێت ماوەیەکی درێژتر بخایەنێت. چونکە بەڕاستی پێویستە ببینین کە پێکوتەکە چەندە پارێز و جێمتمانەیە.

هەروەها هاریس باسی لەوە کرد کە کارەکانی پێکوتە پێویستە لە هەموو قۆناغێکدا بە پرۆسەی «ئەمنییدا» تێبپەڕێت و ئەوەیش قۆناغەکە درێژ دەکاتەوە، لەبەرئەوە لەسەرتاسەری جیهاندا ئەوانەی پێکوتە بەرهەمدەهێنن کێبڕکێ لەگەڵ کاتدا دەکەن. گوتیشی: لە ڕووی کاتەوە چاوەڕوان ناکەین تا پێش ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو کاری بەرفراوانی کوتان بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ببینین. هاوکات هاریس جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە وەك ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کار دەکەن بۆ ئەوەی هەموو کەسێك لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا دەستی بە پێکوتەی Covid-١٩ بگات.

پرسەنامەیەك
لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراو (عەلی سنجاری)م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم . خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکار و هەڤاڵەکانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٥/٩/٢٠٢٠

پرسەنامەیەك
لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو لیوا وەعدوڵڵا محەمەد یوسف سێلکی

پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو لیوا وەعدوڵڵا محەمەد یوسف سێلکی دەکەم کە بەداخەوە خۆی و کوڕ و خوشکێکی بە هۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دواییان کرد. خوای مەزن گیانیان بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاریان ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢/٩/٢٠٢٠

لەمەودوا هەڵگردنی ئاڵای هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕێگە پێدراو نابێت

مڵمڵانێی نێوان کازمی و گرووپە میلیشیاکان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە

پێناچێت گرووپە چەکدارەکان تا سەر بێ دەنگ بن بەرامبەر هەوڵەکانی حکوومەت بۆ لە قاڵبدانیان



حکوومەتی عێراق لە هەنگاوەکانی بۆ لاوازکردنی گرووپە چەکدارە میلیشیاکان بەردەوامە. لە نوێترین بڕیاردا، جگە لە ئاڵای عێراق، هەڵگرتنی هەموو جۆرە ئاڵایەکی لەسەر دامودەزگا حکومیەکان قەدەغەکرد، بەم پێیە هەڵگرتنی ئاڵای هێزەکانی حەشدی شەعبی لەمەودوا ڕێگەپێدراو نابێت. هەروەها دەرهێنانی چەك لە دەستی گروپە چەکدارەکانی میلیشیاکان و لاوازکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەشێکە لە ئەجێندا و کارنامەی حکوومەتەکەی کازمی، بەڵام پێناچێت گرووپە چەکدارەکان تا سەر تەماشاکەر و بێ دەنگ بن، بەرامبەر هەوڵەکانی حکوومەت بۆ لە قاڵبدانیان.

ئەوەی کازمی بەرامبەر گروپە چەکدارەکان پشت ئەستورکردووە لەبەردەوامیدان بە هەنگاوەکانی، دابڕانی هێزە میلیشیاکانە لە شەقامی عێراقی و لاوازبوونی پێگەی جەماوەریانە، هەروەك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش، حکوومەتی عێراق پاڵپشتیکاری زۆرە بۆ گێڕانەوەی سەروەری و سەقامگیری بۆ وڵاتەکەی. ئیسماعیل حەدیدی ڕاوێژکار لەسەرۆکایەتی کۆماری عێراق، پێیوایە حەشدی شەعبی هەرچەندە هێزێکە بە یاسا ڕێکخراوە، بەڵام لەداهاتوودا، کار بۆ تواندنەوەی لە نێو هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری عێراق دەکرێت.

کوشت و بڕکردنی خۆپیشاندەران، دەستهەبوون لە بازرگانی و گەندەڵی دەروازە سنوریەکان، تا ڕادەیەکی زۆر ناو بانگی بەشێك لە هێزەکانی ناو حەشدی شەعبی لەکەدار کردووە، ئەمەش حکوومەتی عێراقی دەستکراوەتر کردووە، لە بەردەوامیدان بەهەنگاوەکانی لەدژی ئەو هێزە. موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدر، هەرچەندە خاوەنی هێزی سەرایە سەلامە کە هێزەکەی بەشێکە لە حەشدی شەعبی، بەڵام نا ڕاستەوخۆ داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشد و تێکەڵکردنی بە سوپاو پۆلیس دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغدا کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بەدەنگی ئەمەریکای گوتووە «موقتەدا سەدر هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی پێخۆشە، هەرچەندە ڕاستەوخۆ و بە زەقی داوای ناکات.»

بەبڕوای سەرچاوەکە، سەدر گروپەکانی عەسایبی ئەهلی حەق و نوجەبا و حیزبوڵا بە رکابەری خۆی دەزانێت، پێیوایە هێز و پارە ئەو گروپانەی هێشتووەتەوە، وەك سەرچاوەکە دەڵێت»سەدر بە هەڵوەشاندنەوەی حەشد، لە رکابەرەکانی ڕزگاری دەبێت و خۆی تەنها لە گۆڕەپانەکەدا بە بەهێزی دەمێنێتەوە .»

هاوکات محەمەد حسێن بەرپرسی ناوەندی عێراقی بۆ شیکاری سیاسی و ئابووری، ناماژەی بەوەکرد هێزە عێراقیەکان بەسەر دووبەرەدا دابەشبوون، بەرەیەکیان پشتگیری کازمی بۆ گێڕانەوەی چەك بۆ دەستی دەوڵەت دەکەن، بەڵام بەرەکەی تر، کار بۆ مانەوەی هێزەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەت دەکەن.

محەمەد حسێن، دەڵێت: ئەم دوو بەرە لەمڵمڵانێدان،لایەن و گروپەکانی نێو ئەم دوو بەرەیەش، خاوەنی ئامانج و ئەجێندای تایبەت بەخۆیانن، بەشێکیان بەرژەوەندیان لە مانەوەی چەکدایە لای میلیشیاکان، بەشەکەی تر دەرهێنانی چەك لەچنگی میلیشیاکان خواستیانە.

محەمەد حسێن ڕوونیشی کردۆتەوە کە دۆخی عێراق لەوپەڕی ئاڵۆزی دایە، هەنگاوەکانی حکوومەتەکەی کازمی بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، هەنگاوی بچووك و شەرمنانەن، چونکە هەنگاوەکان بۆ دەستنیشانکردنی چەند کەسێکی کەم وەك تاوانباری کوشتنی خۆپیشاندەران، بەس نین.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

محەمەد حەلبوسی:

دەبێت کۆبوونەوەی چڕی سەبارەت بە فرەبازنەیی لە یاسای هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت



سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاند کە دەبێت سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران، کۆبوونەوەی چڕوپڕ سەبارەت بە فرەبازنەیی لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا ئەنجام بدەن. لە ڕاگەیەندراوێکدا نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاوی کردەوە کە داوای لە سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە کە بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران و لیژنەی یاسایی، کۆبوونەوەی چڕوپڕ سەبارەت بە فرەبازنەیی لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆبوونەوەکە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو بخرێتە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنەکە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە حەلبوسی گوتوویەتی: داوا لە هەموان دەکەم بەرپرسیاریەتی لە تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بگرنە ئەستۆ. پێشتر نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردبووەوە کە ئەنجوومەنی نوێنەران کۆتایی بە خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە فرەبازنەیی لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا هێناوە. لە ڕاگەیەندراوەکەشدا وردەکاری زیاتر لەوبارەوە نەخرابووەڕوو.

جێی باسە لە میانی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی وەرزی یەکەمی یاسادانان بۆ ساڵی سێییەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی و بە ئامادەبوونی ١٦٩ ئەندام کە دوێنێ شەممە سازکرا، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە فرەبازنەیی لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا پێشکەش کرا.

سوپای عێراق ئەنجامی هەڵمەتی ئەمنی لە پارێزگای بەسرە ڕاگەیاند

10 کەسی داواکراو دەستگیرکران و دەستیش بەسەر ژمارەیەک چەک و بڕێک تەقەمەنیدا گیرا

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، لە میانی ئەو هەڵمەتە ئەمنییەدا کە بەرەبەیانی دوێنێ شەممە لە ژمارەیەك ناوچەی پارێزگای بەسرە باشووری عێراق ئەنجامدران، ١٠ کەسی داواکراو دەستگیرکراون، هەروەها دەستیش بەسەر ژمارەیەك چەك و بڕێك تەقەمەنییدا گیراوە.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئەنجامی ئەو هەڵمەتە ئەمنییەی ڕاگەیاند کە بەرەبەیانی دوێنێ شەممە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و دەستگیرکردنی کەسانی داواکراو لە ژمارەیەك ناوچەی پارێزگای بەسرە ئەنجامدرا.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هێزەکانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە و لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا کۆتاییان بەو هەڵمەتەدا کە بەرەبەیانی دوێنێ شەممە بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و دەستگیرکردنی کەسانی داواکراو لە ناوچەکانی پارێزگای بەسرە ئەنجامیاندا.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی هەڵمەتەکەدا، ١٠ کەسی داواکراو دەستگیرکراون، هەروەها دەستیش بەسەر سێ کیسەی ماددەی C٤ و TNT، ١٢ کیلۆی ماددەی هۆشبەر، دوو چەکی ئاربیجی و حەوت کڵاشینکۆڤ، سێ چەکی دیکەی جۆری GC، چەکێکی قەناس و ٤٠ چەکدا گیراون.



پاریس و هەولێر لەبەغدا کۆبوونەوە



د. محمد خدر مولود

ڕۆژی چوارشەممە 2-9-2020 ، ڕۆژی سەردانی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆك کۆماری فەرەنسا بۆ عێراق بە ڕۆژی هەولێرو پاریس دادەنرێت لە بەغدا .

لەبەغدا ئەو ڕۆژە سەرۆك ماکرۆن ، بە بەرچاوی تاران وئەنقەرەودیمەشق ،بە بەرچاوی تەواوی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانەوە بە ئامادەیی و شەکاوەیی ئاڵای کوردستانەوە ، دووجار لەگەڵ دۆستی دێرینی خۆی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوویەوە .

ئەوەیان کە لە دیمەنە هەر بەرچاوەکانی ڕۆژەڤی میدیاکانی ناوخۆوجیهانی بوون. لە باگراوندی کۆبونەوەکاندا ، هەرچییەك باسکرابێ بەتایبەتیش لە کۆبونەوەی دووەمدا کەوادەی کاژێرێکی خەیاندووە ودیداری تایبەتی بووە .

لەکاتێکدا کاتی مانەوەی سەرۆك ماکرۆن دوای بەیروت لە عێراق دیاریکرابوو، تەرخانکردنی پشکی شێری کاتەکەی بۆ نێچیرڤان بارزانی بە ئاڵای کوردستانەوە لەمانایێك زیاتر دەگەینێ ، زۆربەی ماناکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کەوا فەرەنسا لە پشتگیری و پشتیوانی هەرێمی کوردستان و پێگەی حکومەتی هەرێم و سیاسەتی حەکیمانەی هەولێردا بەردەوامە و خودی ئەم گوتەیەی خۆشی کەدەڵێ :

فەرەنسا وکوردستانی عێراق لەڕێگای پەیوەندی مێژوویی وبەیەکەوە گرێدراون و جەنگی هاوبەشی شەری دژی داعش ئەم پەیوەندییانەی پتەوتر کرد .

فەرەنسا وەك چۆن لەساتە تەنگە تاو و قەیرانەکاندا پشتیوان بووە،ئێستایش ڕۆژی چوارشەممەی 2-9-2020 سەرۆکی فەرەنسا لە بەغداوە، نەك هەربەبەغداییەکان دەڵێت، بەڵکو بەتاران وئەنقەرەش دەڵێ : پاریس ، هەمیشە پشتیوانی هەولێرە .ئاخر دۆستایەتی و ئاشنایەتی وڵاتی فەرەنسای مەڵبەندی شۆرش و ئازادی ورۆشنبیری وهەزرو یاسا و جوانی وئەفراندنی ئەدەبی و هونەری ، لەگەڵ گەلی کوردستان و شۆرشە نیشتیمانییە ئازادیخوازییەکەی دا ، بۆسەرەتاکانی شۆرشی ئەیلول وهەزری ئازادی و پێکەوەژیانی دیموکراتیانە و ڕزگاریخوازیانەی مستەفا بارزانی ڕابەرو باوکی کورد وپزیشك و ڕۆژنامە نووسە فەرەنساییە دۆستەکانی شۆرش و بارزانی دەگەڕێتەوە . ئەوسا ئەوان لەنزیکەوە پەیامی ڕاستەقینەی شۆرش و بەرخودانی کوردستانیان دەگەیاندە ناوەندە سیاسیی وکاریگەرەکانی فەرەنسا . هەمدیس ئاشنایەتی فەرەنسییەکان بۆ ئەوکەتاڵ وناوەندانەش دەگەڕێتەوە کە ڕۆشنبیران وقوتابیان وکەسایەتییە نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستان لە پاریس لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەرەوەسەرە وە لەوێ بنیاتیان نابوو .

ئەم دۆستایەتی و بەدەنگەوە هاتنەی پاریس بۆپرسی کورد دوای شۆرشی ئەیلولیش هەربەردەوام بوو.

لە سەردەم و قۆناغەکانی کیابارانی وئەنفالدا، لە دوای ڕاپەڕین وپرۆسەی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 و سەردەمی سەرۆك دانیاڵ میتەران و خاتوونەکەی خاتوو دانیاڵ کە بەدایکی کورد ناوزەدکرا ، تاشەری ڕێکخراوەیی تیرۆرستانی داعش وپشتیوانی فەرەنسییەکان لە هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و سەردانی مێژوویی و بۆیرانەی فرانسوا هۆلاند سەرۆك کۆماری پێشووبۆ بەرەکانی جەنگ شان بەشانی سەرۆك مەسعود بارزانی و پێشمەرگە قارەمانە تەلیسم شکێنەکانی داعش و پاشان سەردانە بەردەوامەکانی وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی فەرەنسا بۆ کوردستان وهەولێر شایەتی ئەو ڕاستییەن .

ئەی لەدوای 16 ی ئۆکتۆبەڕوجەنگی قارەمانانەی پردێ و سحێلا.. ؟

هەر سەرۆك ئیمانوێل ماکرۆن نەبوو بۆیرو نازایانە بە بەرچاوی دونیای وێژان تۆپیوو لەبەرامبەر هەولێرو پرس وپرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیدا بە بەرچاوی ئەوسای بەغدای عەبادی تێکشکاو لە پردێ و سحێلادا ، بەربەرچاوی تاران و ئەنقەرەی دراوسێیانی موسڵمان بە پێشوازی کردنی شاهانەی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەوسای حکومەتی هەرێم و ئەندازیاری دیبلۆماسی کوردستان ، فەرەنسا گەمارۆی سیاسی و دبلۆماسی لەسەر هەرێمی کوردستاندا تێکشکاند ..؟ بەڵێ ، ئەو ڕۆژە سەرۆك ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆك کۆماری فەرەنسا لە کۆشکی ئێلیزێ لەتەك نێچیرڤان بارزانی، بە ئاڵای کوردستان وفەرەنساو یەکێتی ئەوروپاوە بەجیهانی ڕاگەیاند:

هەرێمی کوردستان و هەولێر، تەنیا نین وهەرچیاکان دۆستی کورد نین.

ئەورۆژە 2-9-2020 گەرسەرۆك ماکرۆن لە بەغدا پەیامی زەبەلاحی ئابووری وبازرگانی فەرەنسای لەبواری وزە و گواستنەوە بەبەغداییەکان ڕاگەیاندبێ ئەوا هەر ئەو ڕۆژە ، چوارشەممە 2-9-2020 هەرێمی کوردستان وهەولێر، شاندی سەرۆکایەتی هەرێم ، نێچیرڤان بارزانی سەرۆك و هەردوو جێگرە بەڕێزەکەی شێخ جەعفەرمستەفا و مستەفای سەید قادر ، پارتی و یەکێتی و گۆڕان ، بەنوێنەراتی گەلی کوردستان ، لەبەغدای سەردەمی د.بەرهەم ومستەفا کازمیدا، مەزن ویەکگرتوو، خاوەن پێگەو شان وشەوکەتی کوردستانییانە بوون. ئەوە ئەو دیمەنە مەزنە جوانەیەکگرتووە کوردستانییە بوو، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە پێشانی هەموو جیهانی دا بە تاران و ئەنقەرەوەش .

بۆ ئەو پرس و بابەتە دیارو نادیارانەی لە کۆبوونەوە یەك کاژێرەکەی نێوان ماکرۆن و نێچیرڤان بارزانیش باسکراون ، بابەتەکان هەر دەرژێنە خانەی پەیوەندی دیبلۆماسییانەی پاریس هەولێرو ئاسۆکەیشی پەیوەندی و پشتیوانی پتەوترو تۆندوتۆڵترو بەرەوە چوونی زیاتری لێ دەخوێندرێتەوە .

هەولێر 3-9-2020

سوپاسنامە

بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکمان و خاری هەمووان (خارە بارزانی مەلا خالید) کە لە بەرواری ٢٥ی ئابی ٢٠٢٠ لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا بە نەخۆشی گەیشتە بەر دلۆڤانی خودا، هەرچەندە لەبەر پابەندبونمان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی نەمانتوانی پرسەی فەرمی دابنێین، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئازیزانمان لە ڕێگەی تەلەفۆن و نامە و کەناڵەکانی تری سۆشیاڵ میدیاوە پەیوەندیان پێوە کردین و هاوخەمییان بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی. بە ناوی بنەماڵەکەمان و گشت خزم و کەس وکارمان سوپاسی یەکە بە یەکەی ئەو دۆست و ئازیزانە بکەین کە لە سەرەتای نەخۆش کەوتنی باوکمانەوە و دواتریش کە وەفاتی کرد بەسەریان کردینەوە و لە خەم و ئازاریان کەم کردینەوە.

لێرەدابە پێویستی دەزانین بەر لە هەر شتێک سوپاس و ستایشی تایبەت و بێ پایانمان ئاراستەی ڕێبەری نەتەوەییمان جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) بکەین کە لە یەکەم ساتی نەخۆش کەوتنی باوکمان، وەک باوکێکی میهرەبان لە نزیکەوە چاودێری بەردەوام و خەمخۆری خۆی لەڕێگەی جەنابی کاک (سیداد بارزانی)ـەوە بە تەلەفۆن بە ئێمە دەگەیاندو هەمیشە سێبورییەکی گەورەی بە خۆمان و بنەماڵەکەمان و کەس وکارمان دەبەخشی و دواتریش لە ڕێگەی پەیام و پرسەی سەرەخۆشییەوە جەنابیان هاوخەمی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی و لە خەم و ئازارەکانی کەم کردینەوە.

ـ سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆک کۆماری عێراق کە لە ڕێگەی نامەی سەرۆکایەتییەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی بۆمان دەربڕی و ئارامی و سەبوری پێبەخشین.

ـ سوپاس و ستایشی بێ پایانمان بۆ خەمخۆری و چاودێری بەردەوامی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی لە کاتی نەخۆشی و دواتریش لە ڕێگەی پەیامی سەرەخۆشی تایبەتەوە هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی و لە ئازارەکانی کەم کردینەوە.

ـ سوپاس و ستایشی بێ پایانمان بۆ جەنابی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەورەمان کاک مەسرور بارزانی کە لە سەرەتاوە لە نزیکەوە چاودێری بەردەوامی ڕەوشی تەندروستی باوکمانی دەکرد ودواتریش لە ڕێگەی پەیامی تایبەتەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی کە پەیامەکەیان سەبر و ئارامی زیاتری پێبەخشین.

ـ سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دۆستی دێرینی باوکمان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەڕێوەبەری نیشتیمانی کوردستان کە لە کاتی نیشتیمانی کوردستان و بەڕێز سەرۆک بەردەوام بوو لە پەیوەندیدا بە نەخۆشی باوکمانەوە و لە کاتی کۆچی دوایی باوکمان و خاری هەمووان (خارە بارزانی مەلا خالید) کە لە بەروای ٢٥ی ئابی ٢٠٢٠ لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا بە نەخۆشی گەیشتە بەر دلۆڤانی خودا، هەرچەندە لەبەر پابەندبونمان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی نەمانتوانی پرسەی فەرمی دابنێین، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئازیزانمان لە ڕێگەی تەلەفۆن و نامە و کەناڵەکانی تری سۆشیاڵ میدیاوە پەیوەندیان پێوە کردین و هاوخەمییان بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی. بە ناوی بنەماڵەکەمان و گشت خزم و کەس وکارمان سوپاسی یەکە بە یەکەی ئەو دۆست و ئازیزانە بکەین کە لە سەرەتای نەخۆش کەوتنی باوکمانەوە و دواتریش کە وەفاتی کرد بەسەریان کردینەوە و لە خەم و ئازاریان کەم کردینەوە.

لێرەدابە پێویستی دەزانین بەر لە هەر شتێک سوپاس و ستایشی تایبەت و بێ پایانمان ئاراستەی ڕێبەری نەتەوەییمان جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) بکەین کە لە یەکەم ساتی نەخۆش کەوتنی باوکمان، وەک باوکێکی میهرەبان لە نزیکەوە چاودێری بەردەوام و خەمخۆری خۆی لەڕێگەی جەنابی کاک (سیداد بارزانی)ـەوە بە تەلەفۆن بە ئێمە دەگەیاندو هەمیشە سێبورییەکی گەورەی بە خۆمان و بنەماڵەکەمان و کەس وکارمان دەبەخشی و دواتریش لە ڕێگەی پەیام و پرسەی سەرەخۆشییەوە جەنابیان هاوخەمی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی و لە خەم و ئازارەکانی کەم کردینەوە.

ـ سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆک کۆماری عێراق کە لە ڕێگەی نامەی سەرۆکایەتییەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی بۆمان دەربڕی و ئارامی و سەبوری پێبەخشین.

ـ سوپاس و ستایشی بێ پایانمان بۆ خەمخۆری و چاودێری بەردەوامی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی لە کاتی نەخۆشی و دواتریش لە ڕێگەی پەیامی سەرەخۆشی تایبەتەوە هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی و لە ئازارەکانی کەم کردینەوە.

ـ سوپاس و ستایشی بێ پایانمان بۆ جەنابی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەورەمان کاک مەسرور بارزانی کە لە سەرەتاوە لە نزیکەوە چاودێری بەردەوامی ڕەوشی تەندروستی باوکمانی دەکرد ودواتریش لە ڕێگەی پەیامی تایبەتەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی کە پەیامەکەیان سەبر و ئارامی زیاتری پێبەخشین.

ـ سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دۆستی دێرینی باوکمان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەڕێوەبەری نیشتیمانی کوردستان و بەڕێز سەرۆک بەردەوام بوو لە پەیوەندیدا بە نەخۆشی باوکمانەوە و لە کاتی کۆچی دوایی باوکمان و خاری هەمووان (خارە بارزانی مەلا خالید) کە لە بەروای ٢٥ی ئابی ٢٠٢٠ لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا بە نەخۆشی گەیشتە بەر دلۆڤانی خودا، هەرچەندە لەبەر پابەندبونمان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی نەمانتوانی پرسەی فەرمی دابنێین، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئازیزانمان لە ڕێگەی تەلەفۆن و نامە و کەناڵەکانی تری سۆشیاڵ میدیاوە پەیوەندیان پێوە کردین و هاوخەمییان بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی. بە ناوی بنەماڵەکەمان و گشت خزم و کەس وکارمان سوپاسی یەکە بە یەکەی ئەو دۆست و ئازیزانە بکەین کە لە سەرەتای نەخۆش کەوتنی باوکمانەوە و دواتریش کە وەفاتی کرد بەسەریان کردینەوە و لە خەم و ئازاریان کەم کردینەوە.

لێرەدابە پێویستی دەزانین بەر لە هەر شتێک سوپاس و ستایشی تایبەت و بێ پایانمان بۆ مەکتەبی سیاسی پارتیان کە لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی بەردەوام لە نزیکەوە خەمخۆرانە و هەڤاڵانە چاودێری ڕەوشی تەندروستی باوکمانیان دەکرد و دواتر بە پەیامی پرسە و سەرەخۆشی و پەیوەندی تەلەفۆنی ئەندامانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی لە پرسەکەماندا بەشدار بوون .

-بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەڕێز بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دەزگا فەرمییەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بە ئامادەگی و لە ڕێگەی پەیام و تەلەفۆنەوە لە پرسەکەماندا بەشدار بوون.

- سوپاسی بێ پایانمان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێری پارتیان، هەروەها بەرپرس و کارگێڕی ڕێکخراوەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانی کوردستان هەروەها گشت ئەندامانی سەندیکا وڕێکخراوە پیشەییەکانی کوردستان.

- بەڕێزان بەرپرس و کارمەند و پەیامنێرانی کەناڵەکانی Kurdistan 24 و Rudaw و Kurdistan TV کە لە کاتی هێنانەوە تاکو ناشتنی ڕوفاتی خودانێخۆشبوو بەردەوام بون لە ڕومانی تایبەتی مەراسیمەکە.

- بەڕێزان سەرجەم سەرۆک هۆزو کەسایەتی و پیاو ماقوڵ و گشت چین و تۆژەجیاجیاکانی شاری هەولێر و پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان و کوردانی تاراوگە بە هەموو ڕەنگ و بیروڕا جیاوازەکانیان و خۆشەویستانمان لە هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان.

بەڕێزان، هەڤاڵان و دۆستانی خارە بارزان، ئەم بەشداری و هاوخەمییە بەرفراوانەتان دڵنەواییەکی گەورە بوو بۆ ئێمە و خزم و کەس وکارمان، خودای گەورە پاداشتی بە خێری گشت لایەکتان بداتەوە و هەمیشە قەرزاربارى ئەم لوتف و هاوخەمی و هاوسۆزییەتانین و ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە ڕاستە خارە بارزان، کۆچی دوایی کرد بەڵام ناوێکی گەورە و شانازییەکی گەورە و مێژوویێکی پڕشنگداری بۆ ئێمە وەک سەرمایەیەکی مەعنەوی جێهێشتووە، کە ئەمەش ئەرکمان قورستر دەکات بەوەی بتوانین بۆ هەمیشە لەو ئاستەدا بین کە ئەم ناوە گەورەیە و ئەو شانازی و ئەو مێژووە بە دروشاوەیی بهێڵینەوە و بیپارێزین و لەسەر ڕێباز و بیرو باوەڕەکانی بەردەوام بین.

بنەماڵە و کەس و کاری خارە بارزان مەلا خالید
٢ی ئەیلولی ٢٠٢٠



دەست بە نۆژەنکردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای حاجی ئۆمەران دەکرێت

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مەسرور بارزانی ، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن د.فەرسەت سۆفی ،پارێزگاری هەولێر،رایگەیاند: دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا دەست بە نۆژەنکردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی حاجی ئۆمەران بکرێت.

لەمبارەیەوە د.فەرسەت سۆفی ،پارێزگاری هەولێر،رایگەیاند: دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا دەست بە نۆژەنکردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی حاجی ئۆمەران بکرێت. لەماوەیدا دیالۆگێکی کراوە و ڕاشکاوانەیان ئەنجامداو، گوێیان لە داواکاریەکانیان گرت. هاوکات بەرپرسی لقی١١ و هەڤاڵانی دەستەی کارگێڕیی لق بە نوێنەرانی خۆپێشاندەرانیان ڕاگەیاند کە: ئێمە دژی خۆپیشاندانی جەماوەری و نارەزایی و داواکاری چین و تۆژە جیاجیاکان نین و لە موعانات و ئێش و ئازارەکانیان تێ دەگەین، بە تایبەت هی تۆزی گەنجان. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە ئیدارەی سنورەکە بەشدار و شایانی باسە ڕێگای سەرەکی حاجی ئۆمەران - چۆمان کە ڕێگایەکی ستراتیژی نێودەوڵەتییە و گرنگی بازرگانیی و گەشتیارییە و هاتووچۆیەکی زۆری لەسەرە و ڕۆژانە بە سەدان ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و سەدان ئوتۆمبێلی گەشتیاری هاتوچۆی پیادا دەکەن.

بەرپرسی لقی 11:

لەگەڵ ئەوەی لە ئیدارەی سنوورەکە بەشدارنین بەڵام لە بەرپرسیاریەتی ڕاناکەین



خەبات- ڕانیە:

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢ لە بارەگای لقی١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕانیە، هیوا گەیلانی بەرپرسی لق لەگەڵ ژمارەیەک لە دەستەی کارگێڕیی لق پێشوازییان کرد لە بەشێک لە نوێنەرانی خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازی دەڤەرەکە.

لەو دیدارەدا دیالۆگێکی کراوە و ڕاشکاوانەیان ئەنجامداو، گوێیان لە ڕەخنە و گلەیی و سەرنج و پێشنیازو داواکاریەکانیان گرت. هاوکات بەرپرسی لقی١١ و هەڤاڵانی دەستەی کارگێڕیی لق بە نوێنەرانی خۆپێشاندەرانیان ڕاگەیاند کە: ئێمە دژی خۆپیشاندانی جەماوەری و نارەزایی و داواکاری چین و تۆژە جیاجیاکان نین و لە موعانات و ئێش و ئازارەکانیان تێ دەگەین، بە تایبەت هی تۆزی گەنجان. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە ئیدارەی سنورەکە بەشدار و دەسەڵاتدار نین، بەڵام لە بەرپرسیارێتی ڕاناکەین و خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە خزمەتی خەڵکی سنوورمان. دەڤەری ڕاپەرین « پشدەر، بیتوێن، مەرگەو خۆشناوەتی » هەمیشە لانکەی شۆڕش و کوردایەتی بووون و مافیان لە سەر حکومەت و حزبەکان هەیە . جەنابی سەرۆک و سەرکردایەتی پارتیان بە چاوی ڕێز و تەقدیرەوە سەیری خەڵکی ئەو دەڤەرە دەکەن و ڕێز لە ڕابردوویان و نارەزایەتی و داواکارییەکانیان دەگرن. هەروەها پێیان گوتن هەمیشە دەرگامان کراوەیە بۆ دیدار و گفتوگۆی کراوەو ، گۆڕگرتن لە گلەیی و ڕەخنە و نارەزایەتی چین و تۆژە جیاجیاکان. بەڵێنیان پێدان داواکاریەکانیان کە داواکاری جەماوەری سنورەکەن ، بۆ خزمەتی دەڤەرەکە لە سێکتەرە جیاوازەکانی تەندروستی و ڕێگاو بان و پەروەردە و ، گەشتوگوزارو ، دۆزینەوەی هەلی کارو .....هتد. بگەیەننە سەرووی خۆیان و دەزگا پەیوەندیدارەکان.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو بەڕێزانە دەکەین کە هەرلەسەرەتایی نەخۆشکەوتنی خوالێخۆشبوو کاك (جەمال حەمە علی) تاکوو مالئاواییان بەسەریان کردووینەتەوەو سەردانیان کردووین و پاڵپشت هاوخەمان بوون لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئاینی و زانکۆ و کەسایەتی و لایەنە سیاسیەکان و پیاوماقوڵانی سەرجەم عەشیرەتەکان و سەرجەم داموەدزگاکانی حکومی و حزبی. هەروەها تەواوی خزمان و دۆستان و هەڤاڵانی ئازیزمان، هەروەها جێگای خۆیەتی سوپاس و پێزانینی تایبەت.ئاراستەی، بەڕێزان .بکەین لە:

ـ بەڕێز بارەگای بارزانی، (مەکتەبی جەنابی سەرۆك). بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك(مەسرور بارزانی)کە پەیوەندی تەلەفونیان لەگەڵ ئەنجامدایین. بەڕێز وەزیری پەروەردە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك (دکتۆر ئالان). بەڕێز دەزگای ئەیلولی بالا کاك(قادرقادر). بەڕێز دەزگای ئەیلولی سلێمانی کاك (دکتۆر جەال چنارەیی). بەڕێز دەزگای ئەیلولی ئاکرێ. بەڕێز ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگایی سلێمانی کاك (عارف تەیفور). بەڕێز کاك دەروێش ئاغا بەرپرسی کۆمەڵایەتی گشتی. بەڕێز کاك فازل رووف ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سلێمانی. بەڕێزان لە بەرپرسان و کارگێڕانی لقەکانی (لقی١، لقی٢، لقی٤، لقی١٢، لقی٢١). بەڕێز کاك شێخ محمود شێخ کاوە حفید. بەڕێز کاك زاگرۆس شەهید فتاح ئاغا. بەڕێز کاك دانا شەهید جەزای علی کاتب. بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش کاك(عیصمت ئەرگوشی). بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش کاك(لیوا بهادین حەمە سعید). بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش کاك (لیوا هەڵۆ نجات). بەڕێز بەڕێوەبەری کارگێری ئاسایشی گشتی کاك(لیوا دڵشاد حسن نجار). بەڕێز بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان کاك (عمید کیوان). بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایش کەرکوك کاك (عمید ئیدریس ڕە فعت). بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایش سلێمانی کاك (شێخ فازل). بەڕێزان سەرجەم ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/هەولێر. بەڕێزان لە دەزگای ڕۆشنبیری وڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

خوای گەورە لە خزمایەتی و دۆستایەتی و هاوڕێییەتیتان کەم نەکات سوپاسگوزاری هەست و هەڵوێستانین کە بەشداربوون لە ناردنی پرسەنامە و پەیوەندییەکانتان و ئامادەبوونتان لە مەراسیمی تەرم و بەخاکسپاردن و پرسەی کۆچکردوو کاك (جەال حمە علی) کە دڵنەوایی خەم و نیگەرانی کەم کردینەوەو هەر هەنگاوێکتان هۆکارێك بووە بۆ ئاسودەیی و دڵنەواییمان، دووبارە سوپاستان دەکەین بۆ ئەرك و ماندووبونتان خوای گەورە پاداشت و سەبووری هەموو لایەك بداتەوە.

زۆزك جەمال حەمە علی
لەجیاتی بنەماڵەی کۆچ کردوو

دهۆک.. گرییەست بۆ پشتەڤانیکرنا پەرستاران هاتنە ئێمزا کرن

خەبات دهوك

هاریکاریێ ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهۆکێ دیارکر کو ل ڕوژا ٢٠٢٠/٩/١ێ ب هەماهەنگیی دگەل ڕێکخراوا GIZ یا ئەلمانی ٤٠ گرییەست بۆ پەرستاران ل ساخلەمیا دهۆکێ هاتنە ئێمزا کرن.

نزار سالح، هاریکاریێ ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ بۆ کارۆباریێن کارمەندیێن ساخلەمیێ دیارکرکو ب پشتەڤانیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ناوەندا قەیرانان و ب هەماهەنگی دگەل ڕێکخراوا GIZ یا ئەلمانی ل ڕێکەفتی ١-٩-٢٠٢٠ ل ساخلەمیا دهۆکێ ٤٠ گرییەست بۆ پشتەڤانیکرنا پەرستاران هاتنە ئێمزا کرن دێ دەمێ دوو سالا ل دووڤ وێ گرییەستێ ل ناڤ دام و دەزگەهیێن ساخلەمیێ ل دهۆکێ کار کەن بۆ خزمەتکرنا نەخۆشان ئەڤ گرییەستە وەکو هاندانەکێ یە بۆ کارکرنا پەرستاران ل ناڤ سازیێن ساخلەمیێ.

ئاشکەرا کرکو ساخلەمیا دهۆکێ پێدڤیە مەزن پەرستاران هەیە بۆ کارکرنێ ل نەخۆشخانەیان ب تایبەتی ژی پشتی نەخۆشیا کۆرۆنایێ بەربەلاف بوویێ مە زۆر پێدڤی پەرستاران هەیە بۆ پرکرنا پشکەکێ ژ ڤێ پێدڤیاتیا ساخلەمیا دهۆکێ ئەڤ ٤٠ گرییەست هاتنە ئێمزاکرن دێ ل سەر نەخۆشخانەییێن دهۆکێ هێنە بەلاڤکرن.

پۆلیسی هەولێر لە ماوەی کەمتر لە 24 کاتژمێر تۆمەتبارێک دەستگیردەکەن



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، نووسینگەی ڕاستی، پاش ئاگادارکردنەوەیان لە ڕووداوێکی فێڵکردن لە ڕێگای سۆشیال میدیا و ستاندنی بڕی (٤٠ ملیۆن دینار) و (سێ مۆبایلی زیرەك) لە هاوڵاتییەك بە زەبری چەك و داری کارەبایی، کە پێشتر بە شێوەیەکی وەهمی تۆمەتبارەکە بە ناوی (ر.ح.ع) تۆتۆمبێلێکی بە هاوڵاتییەکە فرۆشتبوو، پۆلیس تیمێکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا و توانییان تۆمەتبارەکە لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێر دەستگیر بکەن.

هەروەها پۆلیس دەشڵێت: تۆمەتباری ناوبراو، لە کاتی دەستگیرکردنیدا چەکێکی بێ مۆڵەتی بەدەستەوە گیرا کە دەیەوێست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیس بەکاری بهێنێت، بەڵام تیمەکانی پۆلیسی هەولێر، پێش بەکارهێنانی چەکەکە، دەموودەست و بەپێی پلانێکی بەرنامەبۆدارێژراو، دەستگیریان کرد و دەستیان بەسەر چەکەکە و تۆتۆمبێلەکەشیدا گرت.

پۆلیسی هەولێر ڕوونیشیکردۆتەوە کە پەراوێزی لێکۆڵینەوە بۆ تۆمەتبارەکە ڕێکخراوەو بە پێی ماددە (٤٤٢) و (٢٧٩) و (٢١)ی چەك و (١٤)ی ماددە هۆشبەرەکان، ڕاگیرا وەو ڕادەستی دادگا کراوە.

تەندروستیی هەولێر: گوشار لەسەر نەخۆشخانەکانمان نەماوە



بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر دەڵێ گوشاری زۆری تووشبووانی کۆرۆنا لەسەر نەخۆشخانەکانیان کەمبوونەتەوە و ژمارەی تووشبوونیش بەرەو کەمبوونەوە چووە.

د. ڕێباز هەمزە، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕایگەیاند، ئەو گوشارە زۆرەی نەخۆش کە پێشتر لەسەریان بوو بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمبووەتەوە. دەشڵێت هەستیان کردووە ژمارەی تووشبووان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.

لەبارەی ڕەوشی ئەو تووشبوانەی تاوەکو ئێستا لە نەخۆشخانەکاندان، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ئاماژەی بەوەکرد، کە هێشتا نزیکەی 100 تووشبووی کۆرۆنا لە هەولێر دۆخیان ناجێگیرەو 40 تووشبوویان لە بەشی چاودێری چڕدان.

بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی هەولێر لە مەترسیی تووشبوونی زیاتر و کاری ڕێکخراوەکانیان و تاوتوێکردنی بەرنامەی پێشتر د. ڕێباز هەمزە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سینگ و هەناسە لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی ستۆدیۆ 19ـی ڕووداو رایگەیاند، ئەوە مژدەیەکی خۆشە کە ژمارەی تووشبووانەی کۆرۆنا لە هەولێر داکشاوە و نیشانەکانی تووشبووانیش سووکترن. هۆشداریشیدا، کۆرۆنا هەر ماوە و ئەوانەی تووشدەبن، زیاتر بەتەمەنەکانن.

لە هەولێر چەند نەخۆشخانەیەك تایبەت کراون بە چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا، لەوانە نەخۆشخانەکانی ڕزگاری ، ئیهاراتی ، ڕۆژئاوا و بەشی چاودێریی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری.

بەپێی دواین ئاماری وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان 31 هەزار و 132 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیە 19 هەزار و 701 کەس چاکبوونەتەوە و 1173 کەسیش دوای تووشبوونیان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.

بەڕپرسی لقی 16:

یەکێتیی ئافرەتان ڕۆڵی گرنگی لە پێگەیاندنی ئافرەتاندا بینیوە



بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر دەڵێ گوشاری زۆری تووشبوونی کۆرۆنا لەسەر نەخۆشخانەکانیان کەمبوونەتەوە و ژمارەی تووشبوونیش بەرەو کەمبوونەوە چووە.

د. ڕێباز هەمزە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سینگ و هەناسە لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی ستۆدیۆ 19ـی ڕووداو رایگەیاند، ئەوە مژدەیەکی خۆشە کە ژمارەی تووشبووانەی کۆرۆنا لە هەولێر داکشاوە و نیشانەکانی تووشبووانیش سووکترن. هۆشداریشیدا، کۆرۆنا هەر ماوە و ئەوانەی تووشدەبن، زیاتر بەتەمەنەکانن.

لە هەولێر چەند نەخۆشخانەیەك تایبەت کراون بە چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا، لەوانە نەخۆشخانەکانی ڕزگاری ، ئیهاراتی ، ڕۆژئاوا و بەشی چاودێریی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری.

بەپێی دواین ئاماری وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان 31 هەزار و 132 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیە 19 هەزار و 701 کەس چاکبوونەتەوە و 1173 کەسیش دوای تووشبوونیان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر دەڵێ گوشاری زۆری تووشبوونی کۆرۆنا لەسەر نەخۆشخانەکانیان کەمبوونەتەوە و ژمارەی تووشبوونیش بەرەو کەمبوونەوە چووە.

د. دڵۆڤان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕایگەیاند، ئەو گوشارە زۆرەی نەخۆش کە پێشتر لەسەریان بوو بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمبوونەتەوە. دەشڵێت هەستیان کردووە ژمارەی تووشبووان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.

لەبارەی ڕەوشی ئەو تووشبوانەی تاوەکو ئێستا لە نەخۆشخانەکاندان، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ئاماژەی بەوەکرد، کە هێشتا نزیکەی 100 تووشبووی کۆرۆنا لە هەولێر دۆخیان ناجێگیرەو 40 تووشبوویان لە بەشی چاودێری چڕدان.

بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی هەولێر لە مەترسیی زیاتر و کاری ڕێکخراوەکەیان و تاوتوێکردنی بەرنامەی هەریەکە لە تەیب زرار شێروانی و سامیە شێروانی کارگێڕتنی لق لەگەڵ ستافی ئەنجوومەنی دەوروبەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سوپاسی بەڕپرسی لقی ١٦یان کرد لەبەرامبەر ئەو هاوکارییە بەردەوامەی پێشکەشی بە ڕێکخراوەکەیان بۆ قۆناغی داهاتوو خستەڕوو.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بەڕپرسی لقی ١٦ ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کرد لەقۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا و ڕایگەیاند: بە ئەرکی خۆمانی دەزانین هاوکارو پاڵپشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەبین لەپێناو سەرخستنی کارەکانیاندا. لە بەرانبەردا ستافی ئەنجوومەنی دەوروبەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سوپاسی بەڕپرسی لقی ١٦یان کرد لەبەرامبەر ئەو هاوکارییە بەردەوامەی پێشکەشی بە ڕێکخراوەکەیان بۆ قۆناغی داهاتوو خستەڕوو.

نەخوشخانا هیڤی ب شێوازەکێ نووتر کەتە د خزمەتا زاروکان دا

خەبات- دهۆك:

ل ڕۆژا ٣-٩-٢٠٢٠ب ئاماژەبونا د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهوکێ و ڤێنستت پاپیوو نونەرا ئیکەتیا ئەورپا ل کوردستانێ وڕێفەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ قوناغا پێنجێ ژبەرفرەهکرنا نەخوشخانا هیڤی یا زاروکان ل دهۆکێ هاتە ڤەکرن. پاش گەریانەك لناڤ ژور وهولێن نەخوشخانێ هاتە کرن وژنێزیك هایداری ڕەوشا زاروکێن نەخوش بوون. پارێزگەرێ دهوکێ سوپاسیا ئێکەتیا ئەورپا وڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانی کر بو چێکرنا پروژەی کو ب هەڤکاریا پارێزگەها دهوکێ وساخلەمیا دهۆکێ هاتیە بجهئینان. ئەڤە پروژەکێ هەڤپشك بوو دناڤبەرا ساخلەمیا دهۆکێ وڕێکخراوا (WHO) وحکومەتا ئیتالیا وئێکەتیا ئەورپا وژلایێ ڕێکخراوا ئایسکو و کومپانیا چارستون هاتیە دورستکرن ، نەخوشخانە هەموو ب شێوازەکێ نوو هاتیە چێکرن وچەندین ئامیرەتێن پێشکەفتی بو ڤاڤێدریکرنا زاروکان هاتینە دانان دگەل یەکا چاڤدێریا چر یا زاروکان وزێدەکرنا چار تەختا.پروژە ب کوژمێ شەش سەد وبیست هزار یۆرویا هاتیە دورستکرن.



لە سلێمانی باندێکی چەکدار دەستگیرکرا

هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی گروپێکی چەکداریان دەستگیرکرد، کە لە ١٠ تۆمەتبار پێکهاتوون و لەکاتی دەستگیرکردنیشیاندا دەستگیراوە بەسەر بیکەیسیەك، ٤ کڵاشینکۆف، ئێم فۆرێك، ٥ دەمانچەو لەگەڵ چەند تەقەمەنیەك و ٢ بێ تەل و٤ ئۆتۆمبێل کە لەناویاندا دووانیان تابلۆی ئۆتۆمبێلی وەزارەتی پێشمەرگەیان لەسەرە. موقەدەم ئەکرەم قادر، بەڕێوبەری بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی ڕایگەیاند، لێژنەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی پێکهێنرا، دوای چاودێریەکی ورد، توانرا کاتژمێر ٠٢:٣٠ خولەك سەرجەم ئەو تۆمەتبارانە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەدا دەستگیربکەن کە باج و سەرانەیان لە هاوڵاتیان وەرگرتووە . بەڕێوبەری بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی گوتیشی: لەکاتی دەستگیرکرنیاندا چەند چەکێك لە جۆرەکانی (بیکەیسیەك و چوار کڵاشنکۆف و ئێم فۆرێك و پێنج دەمانچە) لەگەڵ چەند تەقەمەنیەك و دوو بێ تەل و چوار ئۆتۆمبێل دەستیانبەسەردا گیراوە.

ئاماژەی بەوەشدا، ئەم ڕووداوە لەسەر شەقامی بازنەی مەلیك مەحمود بووە، توانرا سەرجەمیان کە ١٠ تۆمەتبارن دەستگیربکرێن، بۆیە داواکارین لەهاوڵاتیان لەهەر گللەیی و گازندەو کەسێکی گوماناوی دەرگای پۆلیسی سلێمانی کراوەیە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کەیسەکانیان بکرێت.

ئەوەشی گوت: لەناو ئۆتۆمبێلە گیراوەکاندا دووانیان تابلۆی ئۆتۆمبێلی وەزارەتی پێشمەرگەیان لەسەرەو گومانەکرێت ساختەبن و هێشتا لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بەردەوامە.

جووڵەی بازرگانی لە سنووری پارێزگای دهۆك 20% زیادی کردووە



سەرۆکی ژووری بازرگانیی پارێزگای دهۆك، ئەیاد حەسەن، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێم ڕێکار و ڕێنماییی نوێی ڕاگەیاند، جموجۆڵی بازرگانی ڕاستەوخۆ، بەڵام ئێستا باشتر بووە و بەهۆی ئەوەی ڕێگاکانی نێوان پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگاکانی عێراقیش کراونەتەوە جوڵەی بازرگانی لە هەموو سێکتەرەکانی وەکو خۆراك و پیشەسازی بە ڕێژەی ٢٠٪ زیادی کردووە و هەر کامێرەیەکی پێویست بێت هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

ئەیاد حەسەن گوتیشی: ئەگەر ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا بکرێت و ئێستا وا خەریکە موچەش دەبێتەوە مانگانە، ئەوکات دۆخی بازرگانی و جموجۆڵی بازرگانی زۆر لە ئێستا باشتر دەبێت و جوڵە دەکەوێتەوە بازاریشەوە و حکوومەتیش پڕۆژە جێبەجێ دەکات و بەڵێندەران پڕۆژە جێبەجێ دەکەن، بۆیە دۆخەکە بەرەو باشتر دەچێت.

گوتەبێژی خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیل، کامی کامل، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: جموجۆڵی بازرگانی بەردەوامە و بەپێی ڕێنماییی تەندروستی هەموو بارهەڵگرەکان تەعقیم دەکرێن و پشکنین بۆ هەموو شوفێرانیش دەکرێت، بەڵام پشکنینی هاوڵاتی کە بە ٦٠ هەزار دینارە، وەکو ئاسانکاری بۆ شوفێر کراوەتە ٣٠ هەزار دینار.

کامی کامل گوتیشی: هەموو جۆرە کەلوپەلێك لە هەموو سێکتەرەکان هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، ئەوەی یاسایی بێت و حکوومەتی هەرێم ڕێگەی پێدا بێت ڕێگە بە هاوردەکردنی دەدرێت، بۆیە جموجۆڵی بازرگانی بەردەوامە.

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی مام عومەر شین هەرکی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری هەرکی(مام عومەر شین هەرکی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزمانی هەرکی و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی بارزان فەقێ لاجانی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە(بارزان) کوڕی شەهید(فەقێ لاجانی) مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی کاکە (بارزان) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی شەهید سەید عومەر بێخاڵی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(سەید رابی)هاوژینی شەهید(سەید عومەر بێخاڵی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببە خشێت.

.....

بەڕێز، حەجی فاروق سلێمان،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان(سلێمان حسۆ میکائیل) مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای دلۆڤان داواکارین باوکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خزمانتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی سەلاح عومەر نەجم،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری وەرزشی شاری کەرکووک(سەلاح عومەر نەجم)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی مام کەژۆ سورچی مەرزانی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری هەریر(ئەحمەد ئەسعەد مستەفا)ناسراو بە(مام کەژۆ سورچی مەرزانی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

هەڤاڵی بەڕێز سەرکەوت کەمال میرە

خەمباربووین بە بیستی هەواڵی کۆچی دوای باوکی بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو (کەمال میرە میرگەسۆری). بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین و پەژارەتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

.....

هەڤاڵی بەڕێز خۆشناف جەمیل

خەمباربووین بە بیستی هەواڵی کۆچی دوای باوکی بەڕێزتان و کەسایەتی دیاری عەشیرەتی دۆسکی، خوالێخۆشبوو (جەمیل نعمان محەمەدسەلیم دۆسکی). بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



لە یادی 32 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی خواکورِک دا:

کۆبوونەوەی رۆژانەی مسعود بارزانی وای کرد پێشمەرگە بە حەماس و هەستێکی نەتەوەیی بەرگری لە سەنگەرەکانی خۆی بکات و داستانێک تۆماربکەن

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

لە کاتێکدا رژێمی بەعس بەهۆی هەندێک سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران سەرکەوتنی بەدەست هێنا بوو، خەریک بوو شەڕی 8ساڵەی ئەم دەوو دەوڵەتەش لە بەرژەوەندی عێراق تەواو دەبوو، هەر لەم سەروبەندەشدا رژێمی بەعس هێرشەکانی بۆ سەر گوند و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان چڕتر کرد بۆوە و بە تەواوی لەخۆبایی بوو بوو، وایاندەزانی بە کۆتایی هاتنی جەنگی 8 ساڵەی لەشکری پێشمەرگەی کوردستانیش بەڕەو نەمان دەچن و کوردستان بەجێدەهێڵن، بۆیە هێزەکانی ڕژێم بە چەك و جبەخانەیەکی زۆرەوە هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر دەڤەری خواکورِك بەمەبەستی شکاندنی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان،بەڵام سەریان دا لە بەرد و بە جۆرێك شکستیان خوارد کە تا هەتایە لە یادی ناکەن بۆیە لەم داستانە پشتی بەعس شکێنرا، کە پێشمەرگە قارەمانەکان گۆرزەکی کۆشندەیان لەو سوپایەدا و مەعنەوەیاتی سوپای بەعس زۆر لاواز بووە، بۆیە کەم وێنە بوو و ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو. ئەو داستانە وەڵامی دوژمنی بەعسی دایەوە ،بە دوژمنیان سەماند کە هیچ کاتێك ناتوانن بەسەریاندا زاڵ بن و سەرکەوتن بە دەست بهێنین داستانی خواکورِك لە 1988-7-19 دەستی پێکرد، دوای 46 ڕۆژە لە 1988-9-5 بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات، ئەو داستانە 28شەهید و 160 بریندار لێکەوتەوە سەرکەوتنی داستانی خواکورِك بۆ سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە، کە بەرێزیان لەو داستانە سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان و لەکاتی سەرکەوتنە مەزنەکەی داستانی خواکورِك ،جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی هەمیشە پیرۆزبایی لە پێشمەرگەکان دەکرد و فەرمووی: بە قەدەر قورسایی چیای سەری کۆراوان شەرەفتان لێ دەبارێ ، بە قەدەر قورسایی چیای کوردستان شەرەفتان لێ دەبارێ ، ئێوە ئیسپاتان کرد کە ئێوە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیین، ئێوە ئیسپاتان کرد کە بۆ شەهیدەکانتانن، کە بەرگری لە شەهیدان دەکەن، ئێوە موژدەیەگی گەورەتان دا شەهیدان.

لە 32ساڵەی تۆمارکردنی داستانی خواکورِك لە شۆڕشی گوڵاندا لەگەڵ بەشداربووەکانی ئەو داستانە پڕ سەروەریە کە چۆنیەتی سەرکەوتنەکانی ئەو داستانە و ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی لەو داستان بۆ خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی دەخەینەڕوو.



***داستانی خواکورِك لە قۆناغێکی هەستیارە وە مێژوویی دا تۆمار کرا، بەڕێز (عومەر عوسمان مێرگەسۆری)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات و بەشداربووی داستانی خواکورِك وەك جێگری فەرماندە، قوەتی بارزان، بەڕێزیان لە بیرەوەرییەکانی بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی ئەو داستانە و ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی، گووتی:**

خواکورِك دەکەوێتە سنووری هەر سێ دەوڵەتی عێراق و ئیران و تورکیا، کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە. لە ساڵی 1988 دوای ئەنفالەکان و وەستانی شەڕی عێراق و ئێران پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی و بەشداری ڕاستەوخۆی جەنابی بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی خۆڕاگریەکی بێ وێنەیان ئەنجام دا لەبەرامبەر هێرشێکی دڕاندنەی گەورەی ئەو سوپا پڕ چەك و زۆرەی ڕژێمی ئێراق، کە 8 ساڵ شەڕی دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئێرانی دەکرد، داستانەکە لەبەهاری 1988 دەستی پێکرد و تا نزیك کۆتایی هاوینی کێشا، ڕۆڵی بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی، کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی داستانی خواکورِك لە شۆڕشی گوڵانی دەکرد و هۆکارێکی زۆر گرنگ بوو بۆ بەرگری و خۆڕاگری هێزەکانی پێشمەرگەو، پشتگیریکردنی جەماوەری ئاوارە لە دەرەوە، ناردنی هاوکاری بۆ بەرەکانی شەڕو بریندارانی، کاری لۆجیستیکی زۆر کاریگەری لەسەر خۆڕاگری پێشمەرگە هەبوو و جێگای تەقدیرن. ئەگەر هاتبوایا لە هەر شوێنێکی ئەو داستانە چاوی کامیرا هەبوایە قارەمانی و ئازایەتی پێشمەرگەی کوردستان و پارتی و بارزانی زۆر باشتر بەدیار دەکەوت. دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەستپێکرد بوو هەر شوێنە و داستانێکن، لە(کێلەشین)ەوە بگرە تا دەگەیشتە(خێرزوك)لە ناوچەی بارزان ئەو سێ گۆشەیە ببوونە مەیدانی شەڕ و پێکدادانێکی کەم وێنە. لە بەرەی ڕۆژئاوای خواکورِك دەست پێ بکەین. دوژمن هەوڵی دەدا ئەو قوڵاییە سنووریەکەی ناوچەی دەریا سوور زێتی و شێروان مەزن بگرێ و هێزیکی زۆری نارد بۆ ناوچەی خێروزك لە ناوچەی بارزان و سنووری چالاکی قوەتی بارزان و لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر بە فەرماندەی خوالێخۆشبوو دکتۆر(سەعید ئەحمەد نادر) و بە خۆم وشەهید(ڕەمەزان دۆسکی) کە قوەتی بارزان بریتی بوو لەم هێزانەی خوارەوە کە ئەوکات بە ڕێکخراو ناو دەبردران. ئەوکات من جێگری فەرماندەی هێزی بارزان و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر بووم و تا کۆتایی داستانی خواکورك بەشداری ئەو ڕووداوانەی ڕۆژئاوای بەرەی خواکورِك و خودی شەڕی خواکورِك بوومە.

***فەرماندەی بەشدار بووی داستانی خواکورِك (قادر قادر) بەرپرسی دەزگای بالای ئەیلوول لە شەقلاوە و سەرپەرشتی لقی 3 ئەو کاتە لە داستانی خواکورِك بیرەوەرییەکانی دا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ:**

بێگومان داستانی خواکورِك داستانێکی میژوویی و چارەنووساز بوو، داستانێك بوو کە دوژمنانی کورد لەو کاتە بیر لەوە دەکردەوە کە شەڕی ئێران ـ عێراق کۆتایی هاتووە و پێشمەرگە لە کوردستان نەماوە، بێگومان لەکات و ساتی داستانەکە و پێش ئەوکاتیش ئەنفال دەستی پێکرد بوو، بۆیە ڕژێم وایدەزانی کوردستانی پاککردۆتەوە و هیچ شتێك نەماوە. جگە لە داستانی خواکورِك پێشمەرگەی کوردستان دەستە دەستە لە شوێن و جێگا پێویست وحەساسەکانیش مابوون، بەڵام داستانی خواکورِك بووە نیشانەیەکی دوژمن، چونکە سێگۆشەیەکی سنووری بوو لەنێوان هەر سێ وڵاتی ئێران ـ عێراق ـ تورکیا دا، بۆیە دەیویست لەوێش خۆی تاقیبکاتەوە، جگە لەمانەش ڕژێمی بەعس هەرچی چەك و جبەخانەی هەبوو، هەرچی سەرباز و جاش و بەکرێگیراوی هەبوو هەمووی کۆکردەبۆوە بۆ ئەم شەڕە، چونکە وەك ئاشکرایە شەڕی نێوان ئێران ـ عێراق کۆتایی هاتبوو و پێکدادانەکانیش کەم ببوونەوە، لە ڕاستیدا سەرۆك بارزانی لە نزیکەوە سەرپەرشتی ئەو داستانەی دەکرد، هەروەها هەڵاڵانی مەکتەبی سیاسیش بەشداریان کرد و ڕۆڵی خۆیان هەبوو، پێشمەرگەش کە جەنابی سەرۆك بارزانییان بینی خۆی لە نزیکەوە بەشداری لە داستانە مەزنە دەکات، بەدڵ و دەروون و ورەیەکی بەرزتر لە هێزەکانی دوژمن دەچوونە پێشەوەو تێکیان دەشکاندن، بەحەقیقەت بەشداری سەرۆك بارزانی لەو شەڕە بووە هاندەرێکی مەزن بۆ بڕا پێشمەرگەکان و لێپرسراوەکان کەبەشدار بوون لەو داستانە بێوێنەیەدا.


***خوالێخۆشبوو فەرماندە و ئەندامی دەزگای بالای ئەیلوول مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگی کە بەخۆی یەکێك لە فەرماندە بەشداربووەکانی داستانی خواکورِك بووە، کە سەرپەرشتی هێزەکانی لقی2ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد. لە بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ:**

دوژمن بڕیاریدا گەورەترین ئۆپەراسیۆن دژ بە لەشکری پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات، بەڵام خۆڕاگری و مقاومەتی پێشمەرگە بۆ نزیکەی دوو مانگ خەونەکانی دوژمنی پۆچەل کرد و خواکورِك بوو بە گۆڕستانی دوژمنان، پێشمەرگە سەماندی کە دەتوانی بەرگری لە کوردستان بکات، پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و بارزانی شێرانە لێیان هاتنە دەست و نەیانهێشت تەنها یەك هەنگاو و دوژمن لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیك بێتەوەو گەورەترین شکستیان لە دوژمندا. ئەو پێشمەرگانەی لەنزیکەوە بەشداری لە داستانی خواکورِکیان کرد بە ورەیەکی بەرز و پۆڵایین و بە هەستێکی نەتەوەیی بەرامبەر فرۆکە و تۆپ و جبەخانەکانی دوژمن ڕاوەستان، بەهەقیقەت جێگای سەرسوڕمانە، ئەوەیش ئەوە دەسەلێنێ کە خۆڕاگری و مقاومەتی پێشمەرگە وای کرد دوژمن گەورەترین شکستی پێ بکەوێت و ئەم داستانەش وەك داستانێکی قارەمانانەی هەموو ساڵێك بە زیندوویی یادی بکرێتەوە.

***لە بارەی هێزەکان و پێکهاتەی هێزی بارزان کە بەشداریان لە داستانی خواکورِك کرد، بەڕێز (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) جێگری هێزی و کاتی بارزان، گوتی:**

پێکهاتەی ئەو کاتەی هێزی بارزان بەهێزترین هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ڕووی ژمارە و لە ڕووی چۆنایەتیەوە بەمشێوە بوو:

خوالێخۆشبوو دکتور سەعید ئەحمەد بارزانی، فەرماندەی هێز بوو، دوای



عومەر عوسمان مێرگەسۆری

کۆنگرەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان لقی 2 باڵی ڕاستیان پێ دەگووت بەڵام پاشان ناوەکەی کرا بە هێزی بارزان. شەهید ڕەمەزان دۆسکی، بەرپرسی عەسکەری بوو. ڕێکخراوی شیرین، حەسۆ کانیلینجی بەرپرس بوو، عەشقی عارەب کارگێڕی عەسکەری ڕێکخراو، عوسمان شوکری کارگێڕی ڕێکخستن بوو، ژمارەیان 150 پێشمەرگە بوو. ڕێکخراوی پیران، بەرپرسی ڕێکخراو شەهید چاوشین خانۆ بێدودی بووە لەگەڵ ئەندامان حەمەد میرحەمەد و سەفەر سلێمان مەحمود، خۆشەوی عەبدوڵڵا.ڕێکخراوی قەڵەندەر بەرپرسی ڕێکخراو ساڵح عوزێر بێدودی، ئەندامان عوسمان پیرانی و حالی عەزیز شێرۆکی. ڕێکخراوی زۆزك بەرپرسی ڕێکخراوەکە حەسەن عیسا بابکەیی، ئەندامان سواری عێراق دابین بکات ، هەروەها ناتوانێ بێتە هۆی وەستانی کاروانی خەبات و بەرخودانی گەلی کوردستان.

***لە بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو فەرماندە مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگی کە بەخۆی بەرپرسی هێزێك بووە لە داستانی خواکورِك دا لە نووسیویەتی:**

دوای ئامادەبوونی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا لە لایەن بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتیمان کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئێمە فەرماندەکانی عەسکەری و کادیرەکانی حزب ئەنجامدرا بۆ ئەوەی پلانی بەرەنگاربوونەوەی شەڕ دابنرێت، چونکە ناوچەکە سنووردێکی بەرفراوانی هەبوو بۆیە پاش کۆبوونەوە بڕیار لەسەر دانانی چەند میحوەرێك درا کە







لەم هێز و لقانە پێکهاتبوون.

پاسەوانەکانی تایبەت بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی، هێزەکانی بارەگای سەرکردایەتی کە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پێکهاتبوو، هێزی ئاواڕە کە لەچەند ڕێکخراوێك پێکهاتبوو و ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان ڕۆلی بەرچاویان هەبوو، هێزی بارزان کە لە چەند ڕێکخراوێك پێکهاتبوو بەسەرپەرشتی فەرماندەی هێزی بارزان د.سەعید حەماس و هەستێکی نەتەوەیی بەرگری لە سەنگەرەکانی خۆی بکات، وتەکانی سەرۆك بارزانی کاریگەری لە سەر دڵ و دەروونی پێشمەرگەدا هەبوو، هەروەها موژدەی گۆڕانکاری لە ناوچەکە دا ڕاگەیاند، کە دوژمن بەروە لاوازی دەڕوات زۆری نەبرد تەواوی پێشبینەکانی سەرۆك بارزانی هاتنە دی و لە سەر ئەرزی واقع هەموو جێبەجێکراو ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی 1991 لێکەوتەوە، وەك ئاراستەیەك بۆ بەعس گرێدا و دواتر ئەوان ئازاد کران لەمبارەیەوە دەڵێ:

لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، ئێمە لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 16ی ئابی ساڵی 1988 بە بەشداری هەموو کادر و پێشمەرگەکانی بارەگای لێژنەی ناوچە و 40 سەرباز و ئەفسەری بەدیلگیراوی سوپای عێراق کۆڕێکمان گرێدا و تیایدا باسمان لە 16 ئاب ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر دامەزراو ئاڵای ڕزگاری و دیموکراتی بەرز کردەوە لەو ڕۆژە ئا ئیمڕۆ ئەم پارتیە بە چەندین قۆناغی دژوار و خۆشی تێپەڕیوە و دەیان پیلان و دەیان ئۆپەراسیۆنی دوژمنکاری دەرهەق ئەنجام دراوە وباسی خەباتی بارزانیی نەمر ولە بەرگری کردن لە مەهاباد و ڕۆیشتنیان بۆ سۆڤیەتی جاران لە خەباتکردن بۆ مافەکانی ڕەوای گەلی کورد و شۆڕشی 1958 و دوورو درێژ باسی شۆڕشی ئەیلوول 1961 و بەیانی 11ی ئادار و شەڕی 1974 لەگەڵ ڕژێمی بەعس کرا تاگەیشتە ئەو ڕۆژەی کە ئەوان تێیدا بەدیل گیران و بریاری دادگای شۆڕش دەرهەق بە وان و کردەوەکانیان بەرامبەر کورد و ئەنفال و کیمیاباران و زۆر بابەتی تر. ئەو ئەفسەرانە زۆر دەترسان و مسۆگەریان کردەبوو لە سیدارە دەدەرێن و دەکوژرێن چونکە خۆیان وایان کردبوو وکاری ئەوان هەر کوشتنی کورد بوو بۆیە بە هیچ عەقڵێك باوەڕیان نەدەکرد کە دەرباز ببن، ئەوان ئەوەندە کاری ناڕەوایان کردبوو خۆشیان تەسلیمی ئەو هەقە بووبوون بۆیە لە کاتی کۆڕەکەدا زۆر بە وردی گوێیان گرتبوو بەڵام ڕەنگیشیان زەرد هەڵگەڕابوو، لە دەم و چاوی هەر هەموویان ترس و غەم و پەژارە و پەشیمانی دیاربوو. تا ئەو کاتەی کۆڕەکە تەواو بوو ئینجا من وەکو بەرپرسی لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر و جێگری هێزی بارزان لەسەرەخۆ و بە هێمنی بەو سەربازە بەدیلگیراوانەم وت: ئێمە دوژمنی عەرەب نین و لە پڕۆگرام و لە ڕێبازماندا دیل ناکوژین، سەرۆك مسعود بارزانی بەو بۆنەیەوە لێبوردنی بۆ ئێوە دەکردوە، ئێوەش مرۆڤ بن جارێکی تر شەری کورد نەکەن و بە بنەماڵەکانتان بڵێن ئێمە بەدیل گیراو بووین و ئازاد کراین. هەر لەگەڵ بیستنی ئەو وتەیە دەستیان کرد بە هەل هەلە و هوتاف



قادر قادر

ئەحمەد نادر کە بەراستی ڕۆلێکی بەرچاویان هەبوو. هێزی حەمرین بەسەرپەرشتی مام غەزالی میرخان ژاژۆکی کە دەوڕێکی قارەمانەیان هەبوو، هێزەکانی لقی 4 بەسەرپەرشتی هەڤاڵان حەمیدە فەندی و شەهید سەید سالح، هێزەکانی لقی 3 بەسەرپەرشتی هەڤاڵ قادر قادر کە بەردەوام هێرش دەکرایە سەر سەنگەرەکانیان، بەڵام بەردەوام دوژمن توشی شکست دەهات. هێزەکانی لقی 2 بەسەرپەرشتی بەندە مەلامحەمەد ئەمین گوێزلێنگی و د.عەبدولڕەحمان گەورینی.

بەرگری میللی کە بە بەردەوامی لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری پێشمەرگەیان دەکرد، بەشداری ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی و کۆبوونەوەی ڕۆژانەی لەگەڵ پێشمەرگە وای کرد کە پێشمەرگە بە ئەزموونێکی زۆر بگات و ئەزموونەکانی ببێتە سەرمایەیەکی گەورە بۆ ئەو خەباتەی کە دەیکات.

گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد، کە بریتییە لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان. داستانی خواکوڕك بەخوێنی 28 شەهید تۆمار کرا کە جێگای خۆیەتی هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەم شەهیدانە و تەواوی شەهیدانی کوردستان و لەسەروبڕیانەوە بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو بێتڕین کە بە خوێنی ئەوان داری ئازادی ئاودرا و گەلی کوردستان گەیشتە قۆناغێکی پرشنگدار، کە خاوەن حکوومەت و پەرلەمانە، ئەرکی هەموو لایەك بە هەستێکی کوردانە بەرگری لە دەسکەوتەکان بکرێن

• عومەر عوسمان میرگەسۆری لە بیروەرییەکانی دا لە داستانی خواکوڕك ناماژە بە ئەوە دەکات کە لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی کۆڕێك بۆ بەدیلگیراوانی ڕژێمی بەعس گرێدا و دواتر ئەوان ئازاد کران

لێدان، ئەوان هاواریان دەکرد: بژی بارزانی، بژی کورد، بژی 16ی ئاب، ئینجا مەفرەزەیەکی پێشمەرگەم ئامادە کرد و ئەم 40 ئەفسەر و سەربازم بەڕەو ناوەوەی سنووری سوپای عێراق بەڕێ کرد و گەڕانەوە ناو کەسوکاریان. ناو ئەوی 40 ئەفسەر و سەربازانە لەگەڵ ئەرشیفی لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر لە حەشارگەیەك دانرابوون بە داخەوە بەدەستم نەکەوتنەوە.

•قادر قادر فەرماندەی بەشداری بووی داستانی خواکوڕك لە بارەی وتاری سەرۆك بارزانی و پێشبینەکانی بەرێزیان گوتی؛

حەتمەن ئێمە بیرمان لە قسەکانی سەرۆك مسعود بارزانی دەکردەوە، ئاواتمان بوو، بەڵام لە تەسەوەری ئێمەدا نەبوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەموو پێشبینەکانی سەرۆك بارزانی هاتە دی. ئەو پێشبینانەی سەرۆك بارزان بوو بە وانەیەك، چۆن قوتابیەك لە قوتابخانە وانە دەخوێنی، بەو جۆرەش بۆ ئێمە بووە وانەیەك لەو وانانەی کە ئێمەی پێگەیاند، پێشبینەکی ڕاستگۆیانە کە لە کۆبوونەوەکان بە ئێمە دەگوترا و ڕافەدەکرا، چ لە کاتی ماڵئاوایان لە خواکوڕك کرد لە دوای شکستی هێزەکانی ڕژێم. هاتنەدی ئەو پێشبینانەش نەك تەنها جێی خۆشحاڵی ئێمەی پێشمەرگە بوو، بەڵکو جێی خۆشحاڵی گشت جەماوەری کوردستانیش بوو، کورد دەڵی کە جام پڕ بوو لە لێی دەڕژێ. واتە نامەردی دوژمن، زوڵم و زۆرداری دوژمن گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێشبینەکانی سەرۆك هاتە دی. لە دوای شەڕی خواکوڕك سەرۆك بارزانی دیاریەکی بە نرخی پێدام کە ئەوەیش دوربینێکی بچووك بوو کە تا ئێستاش لام ماوە و پاراستوومە، هەروەها دیاریەکی دا بە شەهید سەید ساڵح بەروارى کە ئەوکاتی بەرپرسی عەسکەری لقی چوار کە بریتی بوو لە سەعاتی دەستی خۆی، بێکۆمان ئەو دیاریانە زۆر بە نرخ بوون لامان چونکە دیاری سەرۆك بارزانی بوو وامانداەنا کە ئەمە هەموو دونیایە.

هەروەك لە سەرەوە فەرماندە و بەشدارەبووەکانی داستانی خواکوڕك باسی پرسەروەری داستانەکەیان لە شۆڕشی گوڵان کرد بۆیە لەیادی بەرگری تۆماری داستانی خواکوڕك نابێت هیچ کاتێك ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکان و بریندارەکان و فەرماندەیەکان و قوەت و هێز و لقەکان و ڕێکخراوەکانی لە یاد بکەن، لە داستانی خواکوڕك هێزی ئاواڕە و بەرگری ڕۆڵیان لەو داستانە هەبووە، ئافەرتان کە لە بەیانی تا شەو کاریان دەکرد و سەرەڕای ئیشکردن پەروەردەکردنی منداڵەکان لە ئەستو بگرێت لە نەبوونی هاوسەری پێشمەرگەیان، هەروەها سەرەڕای ئەوە کە بەرە پارەیەی ئیشیان دەکرد بۆ پێشمەرگە بە نان و جل و بەرگیان دەدا و ڕەوانە بەرەکانی مەیدانی خەباتیان دەکرد، کە ئەوەش بە خۆی گەورەترین کوردستان شەرەفتان لێ دەبارێ ، ئێوە ئیسپاتان کرد کە ئێوە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانینە، ئێوە ئیسپاتان کرد کە بۆ ای شەهیدەکانتان، بەرگری لە شەهیدان دەکەن، ئێوە موژدەیەگی گەورەتان دا شەهیدان. لەو داستانەدا هێزی پێشمەرگە ئەوەندە دیل و جەنازەی سوپا و جەیش و جاشی ڕژێمی بەعس کەوتە بەردەستی و پێشمەرگە ئەوەندە سیلاحی هینا لە ئەژماری نەدەهات و پێشمەرگەکانی ڕێبازی پارتی و بارزانی توانیان چەندین دەسکەوت وەك تۆپ و کلاشینکۆف و ئارپیچی و تەقەمەنی و هەزاران لاشەی دوژمن کەوتنە مەیدانی شەڕ و وەی دوژمن بە تەواوی دابەزی، هەروەها وەك باس دەکرا تەواوی ئەو دیلانەی کە خۆیان تەسلیم بە پێشمەرگەکان دەکرد بە بریاری جەنابی سەرۆك بارزانی هەموویان ئازاد کران ونابی هیچ کەسێك بچوکترین شتی خراپ پێیان بڵێن ئەوە ڕەفتاری پارتی و بارزانییە کە هەمیشە ڕێبازێکی مرۆڤدۆستن.



سەرکەوتنی بۆ داستانی خواکوڕك بوو. ڕۆڵی برا کوردەکانی کوردستان لە یاد نەکەین ئەوانیش هاوکاری ئاسانکاری بۆ پێشمەرگەکانیان کرد لە داستانی خواکوڕك ،جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی دوای سەرکەوتنی داستانەکە هەمیشە پیرۆزبایی لە پێشمەرگەکان دەکرد و فەرمووی: بە قەدەر قورسایی چیای سەری کۆراوان شەرەفتان لێ دەبارێ ، بە قەدەر قورسایی چیای

وون بوون

دەفتەری گەرانی ئۆتۆمبێل بەژمارە ٣٠٢٦٣ لە ٢٠١٩/٩/١٩ لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر لەبەشی ئۆتۆمبێل بەناوی ابراهیم محمد نوری وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی فەرمانبەر لەزانکۆی صلاح الدین/ کۆلیژی زانستە ئەندازیاریە کشتوکالییەکان بەناوی نهرو عارف حیدر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل بەژمارە ٢٥٦ هەولێر تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی عماد الدین صلاح الدین محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شاروانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٢٨٩٦٩ بەروار ٢٠١٩/١٢/١٢ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی بازران عبداللە مجید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /١٧٠
التاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢
اعلان
الى المنذر اليه /عدله فخر الدين تمر
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٣١/٦١٨٤/انذار/٢٠٢٠) المؤرخ في ٢٠٢٠/٨/٣٠ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٩/١٥ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٢٦٨٦/٣٢ مقاطعة ٩١ جوار زاخو والمشتراة من قبل المنذر (مسلم جواد حسن) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة دركار /٩٧٧ المؤرخ في ٢٠٢٠/٩/٢ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو
سوسن غازي عبدالامير

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/١١٤/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/١
بۆ داوالێکراو (سمية كانبى مصطفى)
جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگاداری
داواکار (کیلان یونس خالد) داوای ژمارە (١١٤/ش/٢٠٢٠) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە (نشوز) ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بڕیاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لەبەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی ڕۆژی(٢٠٢٠/٩/١٣)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی یا نارەزی بڕیکارێك لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی پا شملە دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بڕیاری پێویست دەردەکات
دادەر/ رمزی عبدالله اسلام

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/٦٧١
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/٣
راگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا شوقا ژمارە (٢٣) عیارا (H٨) هاتیە ئاڤاکرن لسەر مولکێ ژمارە (٢٤٦٧/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بناڤێ قەردار (جیهان ناجی حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (١٨٣٧٢٦٤٠) هەژدە ملیون وسێ سەد وحەفتێ ودوو هزار وشەش سەد وچل دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/ پازدە) ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٦١٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیمارا H٦ شوققا (١٧) قاتێ (٤) عیمارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (٧) قاتا شوققا ژمارا (١٧) قاتێ (٤) ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ دوو ژۆریت نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق ڕوبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/٧٠٧
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/٣
راگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٧٠٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زمن جمعة مصطفى احمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٢٨٠٣٠٧٥٠) بیست وهەشت ملیون وسیە هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٧٠٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیمارا C٣ شوققا (٥٢٧) قاتێ (٢) عیمارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (٣) قاتا شوققا ژمارا (٥٢٧) قاتێ (٢) ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نڤستنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) ڕوبەر (١١٣) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) پێنجی وشەش ملیون وچار سەد هزار دینار
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە / ١٤٨/ب/٢٠٢٠
ڕێکەفت / ٢٠٢٠/٨/٣١
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یاژمارە (١٤٨/ب/٢٠٢٠) ل (٢٠٢٠/٧/١٩) لدور ژنافرنا بەهرا (ازالە شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (١١٧٦/٢ کەرتێ ٨٨ بێدار) کو سەخلەتێن وێ ل خوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ناشکەرا د ماوێ (٣٠) ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانە دا وهەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو (١٠٪) دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار وئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی وگەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان وئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دێهن ڤەدانا فەرمی دا ل ڕوژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان .
دادەر / یوسف الیاس سدن
سەخلەت /
جورێ ئاقاری مولکینی یە ، پێکدئێت ژ ژوورەکا نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگەھ و دەستشوو، و ژوورەکا جودا و دەستشووەکا دەرەکی و ل قاتێ سەری ژوورەکا نڤستنێ یا سویدی ، وروبوبەرێ وێ (٢٠٠)م٢ ، وخزمەت گوزاری لێ هەنە ، وەك ئاڤ وکارب.

***

ئاگاداری دووەم
وەزارەتی دارایی وئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێدانی (گەراجی تەکسی) لەناو کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا ، بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) هەموارکراو و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەرلەبەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
د.کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان
و خانوبەرەی میری

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی وئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم مۆڵکانەی خوارەوە بە زیادکردنی ئاشکرا , بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە سۆران بدات بە مەبەستی ئاگاداربوون لەمەرجەکانی بەشداربوون لەزیادکردنەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دان لە ئەستۆی کرێچییە.
١- پرۆژەی گەشتیاری لە زەوی ژمارە (١/١ ك ٢ رواندز) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە ڕووبەری (٤٠٠٠م٢).
٢- نووسینگەی پرکردنەوەی فۆرم و فۆتۆکۆپی لە ناو بینای بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی سۆران بۆ ماوەی (١) ساڵ.
٣- بەنزینخانەی شانەدەر لە زەوی ژمارە (١/١ ك ٣٠ کەلکین) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە ڕووبەری (٤٧٢٥م٢).
٤- دروستکردنی دووکان لە زەوی ژمارە (٤٥ ك ٢٦ بێخال) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە ڕووبەری (١٩,٥ م٢).
د.کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری

***

وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار
بە ڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری
هۆبەی هونەری
ژمارە: ٤١٠/٨٦٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەوییان لە ناحییەی ڕزگاری (صمود) وەرگرتوە کە هاوڵاتی (رحیم ابراهیم حیدر) خاوەن زەوی ژمارەی هەوایی (٥٥٨٣) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بە مەبەستی دروست کردنی خانوو هەرهاوڵاتیەك گلدانەوەی لە سەرئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیهان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیهان کاری یاسایی بۆ ناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە:٤٠٩/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٣١
جاردان
بۆ داوالێکراو (بلال نبی قاسم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (منیجە سعید علی) داوای ژمارە ٤٠٩/ش/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (خۆراگردوو/ کەسنەزان) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٦ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١١١
ڕێکەوت: ٣١ / ٨ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٤)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (دریژکردنەوەی تۆری ئاوی خواردنەوەی بۆ گوندی مەجیداوە لە ناحیەی دیانا سەر بەقەزای سۆران/پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ١٦ / ٩ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تۆمارکراو بێت تایبەت بێت بەدابین کردنی خۆراك مۆڵەتی نوێ کراوەبێت و پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی هەبێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت وە لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- ماوەی پرۆژەکە (یەك ساڵ).
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکیەتی بەڵێنەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (اسکندر توفیق حمد) لە بەروارى ٢٠٢٠/٥/٢٧ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وێستا دانراوە لە (ڕێگاى کەرکوك) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پیشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕاییوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار کەڕێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دانوسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.
دادنووس/ بوتان كاميران ميران
ئامێرەکان:
١- ئامێرى غەربیل ژمارە/ ٠١٥٦ دروستکراوى سینى مۆدێل ٢٠١٣ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٥ تێبینى/ کارەکات بەیەك ماتۆرى کارەبا نرخى/ ١,٣٨٠,٠٠٠.
٢- ئامێرى لەکیس نانى چەرەزاد ژمارە/ ٠٣٣٠ دروستکراوى سینى مۆدێل ٢٠١٣ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٢ تێبینى/ بەیەك ماتۆرى کارەبای کاردەکات نرخى/ ٥,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێرى لەکیس نانى چەرەزاد ژمارە/ ٠١٥٤ دروستکراوى سورى مۆدێل ٢٠١٣ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٢ تێبینى/ بەیەك ماتۆرى کارەبای کاردەکات نرخى/ ٤,٥٦٠,٠٠٠.
٤- ئامێرى برژاندنى گولەبەرۆژە ژمارە/ ٠٣٢٩ دروستکراوى سینى مۆدێل ٢٠١١ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٣ تێبینى/ بەیەك ماتۆرى کارەبا و هەزاز کاردەکات نرخى/ ٢,٤٠٠,٠٠٠.
٥- ئامێرى لێدانى خوێ لە گولەبەرۆژە ژمارە/ ٠٠١٥٩ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٣ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٥ تێبینى/ بەیەك ماتۆرى کارەبا و هەزاز کاردەکات نرخى/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
٦- ئامێرى کۆمپرێسەرى هەوا ژمارە/ ٠٠١٦٠ دروستکراوى المانى مۆدێل ٢٠١٣ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W١٠ تێبینى/ بەیەك ماتۆرى کارەبا و هەزاز کاردەکات نرخى/ ٥,٠٠٠,٠٠٠.
٧- ئامێرى کەپس کردنى و لەکیس نانى چەرەزاد ژمارە/ ٠٠١٦١ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٣ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٥ تێبینى/ بەیەك ماتۆرى کارەبا و هەزاز کاردەکات نرخى/ ١٨,٠٠٠,٠٠٠.

***

زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی زانستە ئەندازیاریە کشتو کا ل ییە کا ن
هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ١٤٠٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بۆ/ خاتوو (نیان سیروان فارس) ئەندازیاری کشتوکالی لەبەشی ڕەزگەری لە کۆلێژەکەمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر ئەوەی دەست بەکارنەبوویتەوە لەکۆلێژەکەمان پاش تەواو بوونی مۆڵەتی بێ مووچە کە بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ وەری گرتبوو لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/٥/٩) تاوەکو (٢٠٢٠/٥/٩) بەپێویستان زانی ئاگادارکردنەوە (اخطار) ئاراستەتان بکەین بۆ ئەوەی دەست بەکاربێتەوە لە شوێنی کارەکەتان لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستان بێ و (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت ئەگەرنا بەپێچەوانەوە سزای یاساییت بەرامبەر دەگرینەبەر.
پ.ی.د. کاوە عبدالکریم علی
ڕاگری کۆلێژ بەوەکالەت

***

دادگای باری کەستێی سلێمانی/٣
ژمارە: ٤٧٣١/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٩
ئاگانامە
داواکار/ بەرهەم کمال محمد
داوالەسەرکراو/ فریشتە قادر محمود
داواکار (بەرهەم کمال محمد) داوایەکی بەژمارە ٤٧٣١/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (جیابوونەوەی داوەری جیابوونەوەی داوەری بەهۆکاری زیانگەیاندن) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی یاسی پێڕاگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٠/١٠/١١ سەعات ١١:٠٠ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبین یان بریکاری نەنێرن ئەو دادگا بە (ئامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادەر/ محەمەد مصطفى رسول

***

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٤٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٥/١١
پسولەی ئاگادارکردنەوە
ناوی سکالاکار/ کارزان ابوبکر
احمد نانوینشان نادیار
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٤٩/ك/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان سکالاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاری کراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەدادگای کەتنی دوکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٧ لەکاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی لەسەر کێشەی ژمارە (٤٩/ك/٢٠١٩) بەپێی مادەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ بەبێ ئامادەبوونت وە بەرامبەر بە پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادەر/ ابوبکر مولود عبدالله

***

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە/ ٢٧/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٦
ئاگاداری
سکالاکار/ مافی گشتی
تۆمەتبار/ بەهێز پشتیوان عبدالله
بۆ تۆمەتبار بەهێز پشتیوان عبدالله کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە و ئامادەبوونت لەم دادگایە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٢ لە کاتی دەوامی فەرمی دا, بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لە داوای ژمارە (٢٧/ك/٢٠٢٠) بەپێی مادەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ بەبێ ئامادەبوونت و بە ئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهيم محمود

***

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە/ ٧٤/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٦
ئاگاداری
سکالاکار/ مافی گشتی
تۆمەتباران/ ١- سوارە برایم عولا ٢- عثمان خدر پیرۆت
بۆ تۆمەتباران سوارە برایم عولا و عثمان خدر پیرۆت کە شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە و ئامادەبوونتان لەم دادگایە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٢ لە کاتی دەوامی فەرمی دا, بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لە داوای ژمارە (٧٤/ك/٢٠٢٠) بەپێی مادەی (دووەم) لە یاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن) بەبێ ئامادەبوونت و بە ئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهيم محمود

***

دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژمارە: ٢١٦٩/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١
ئاگاداری
پشت بەستن بە بڕیارێك كە لەم دادگایە دەرچووە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٣ سەبارەت بە نەهێشتنی هاوبەشەكان لەسەر مولكی ئاماژە بۆ كراو لەخوارەوە هاتووە بەفڕۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش كردن نەبوو لەنێوان هاوبەشەكانی لەبەر ئەوە ئەم مولكە دانرا لەزیادكردنێكی ئاشكرا بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە لەرۆژنامەیەكی رەسمی دا وە لەبەر ئەوەی هەركەسێك ئارەزووی كڕینی هەیە لەهاوبەشەكانی یان هەر كەسێكی تر بێچگە لە هاوبەشەكانی سەردانی ئەم دادگایە بكات بەمەرجێك ١٠٪ی بارمتە بهێنی لەنرخی خەمڵێنراو ئەگەر هاوبەش نەبوو بەڵام ئەگەر لە هاوبەشەكانی بوو لێی ئەبورێت بەپێی ئەو بەشەی كە هەیەتی لە مولكەكە لەكاتی تەواوبوونی ماوەی یاسایيدا لەكات ژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دواهەمین رۆژی زیادكردنەكە دەست پێ دەكات و ڕەوانەی بنبڕیش بۆ ئارەزوومەندی كۆتایی بەپەیانەكەیەوە ئاشكرا دەكرێت ئەگەر رۆژی زیادكردنەكە بەرپشووی ڕەسمی كەوت ئەوا ئەو رۆژەی كەدێت بەرۆژی دادنوسی دادەنرێت ڕەسمی تۆمارگردن و بانگەوازیش لەسەر كڕیارە.
داوەری یەكەم/ د. ماجد رشاد محمد
* شوێنی زیادكردنەكە/ دادگای بەرایی سلێمانی..
* ژمارە مولك و وەصف و جۆر و نرخە كەی :-
١- مولكی ژمارە ٤١ كەرتی ٤٠ كانی مندم رووبەرەكەی ١٨ دۆنم و ٢٤ أولكە هیچی لەسەر نییە نەكێڵدراوە نزیكەی ٣,٥ كم دوورە لەسەر شەقامی سەرەكی تاسلوجە پیرەمەگرون كەوتۆتە پێش دێی كانی مندم بەدەستە چەپ تەنیشتی باخێكە سیاج كراوە نرخی خەمڵینەراو (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیون دینار.
٢- ٣٨ هەمان كەرت و رووبەرەكەی ٢٦ دۆنم و یەك أولكە هیچی لەسەر نییە كێڵدراوە تەنیشتی جادەیەكی گڵە دەڕوات بەرەو دێی كانی مندم سنوری شیوەكەیە نرخی خەمڵینەراو (٥٥٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
٣- ١٦ كەرتی ٤٠ كانی مندم ڕووبەرەكەی ٧٢ دۆنم و ١٣ أولكە بەشێكی كێڵدراوە ئەو بەشەی نەكێڵدراوە نزیكی دێی كانی مندم دەبێتەوە سەرو كاریزی دێ كۆنە نرخی خەمڵینەراو (٤٥٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
٤- ٢٣ هەمان كەرت رووبەرەكەی ٥ دۆنم و ٣ أولكە نەكێڵدراوە كەوتۆتە بەردەم سەرقەبرانی دێی كانی مندم شیرەكە سنوری یەتی چاڵە نرخی خەمڵینەراو (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار.
٥- ٨ هەمان كەرت رووبەرەكەی ١٢ دۆنم ٨ أولكە نەكێڵدراوە لەبەشی سەرەوەی دێ كەیە لێژە بەقەد پاڵی شاخەكەیە كەوتۆتە باكوری رۆژهەڵاتی دێ كە نرخی خەمڵینەراو ٣٥٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
٦- ١٩ هەمان كەرت رووبەرەكەی ١١ دۆنم و ٢٤ أولكە كەوتۆتە باشووری رۆژهەڵاتی دێی كانی مندم شیوەكە سنوری یەتی نەكێڵدراوە نرخی خەمڵینەراو (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار.
٧- ٥٣ كەرتی ٤٠ كانی مندم ڕووبەرەكەی ١١٧ دۆنم و ٥ أولكە كەوتۆتە بەشی رۆژئاوای دێ كە نەكێڵدراوە نزیكەی ٨٧٠ مەتر دوورە لە دێی كانی مندم بەردەمی گردێكە بورجی ئاسایسێلی لەسەرە نرخی خەمڵینەراو (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار.
٨- ٦٤ هەمان كەرت ڕووبەرەكەی ٣٩ دۆنم و ٩ أولكە كەوتۆتە بەشی خوارەوەی دێ كە بەشی رۆژئاوایی بەسنوری كەنەكەوبە نزیكەی ٢ كم دوورە لە دێی كانی مندم نەكێڵدراوە نرخی خەمڵێندراو (٣٧٥٠٠٠٠) سێ ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار.
ئەم هەشت پارچەیە كەوتۆتە سەر ڕێگای تاسلوجە - پیرەمەگروون بەدەستە ڕاست دەچێت بۆ دێی كانی مندم نرخەكانیش نرخی (حق التصرف) ئەم مولكانە هیچ دامەزراوەیان لەسەر نییە بەدەست وەرەسەكانی ئەم داوایەوەن زەوی كشتوكاڵین دێمی یە بەهەموویان.
تێبینی: دەبێت بارمتەكە بچەكی مصدق یان كەفالەتی مصرفی بێت لەبانكی ئەزمەر وە پێناسەی باری شارستانی خۆی پێ بێت.
* * *
لیژنا بڕیارا (٢٢٢) لسالا ١٩٧٧
لپاریزگەها دهوكی
ئەوا تایبەت بجهئینانا یاسا ژمارە (٥) یا سالا ٢٠٠٧
ژمارە: ١
ڕێكەفت: ٢٠٢٠/٧/٢٠
ئاگەهداری
بوخودانێت ماڤێ پێتچوونی لپارچا ژمارە (١/١٣) كەرتێ ٣٧/نمریك (وجدان محمد جاجان وشركة (F.M.S.B. hoiding) و امینة محمد بكر و خالد شاكر یوسف)
لیژنا پیكهاتێ لدیڤ بریارا (٢٢٢) لسالا ١٩٧٧ لپاریزگەها دهوكێ ئەوا تایبەت بجهئینانا یاسا ژمارە (٥) لسالا ٢٠٠٧ ل دەمژمێر (٩)ێ سپێدێ ڕێكەفتی ٢٠٢٠/٨/٥ دێ رابیت ب ڤەدیتنەكێ لسەر پارچا سەری دیاركری كەت بۆ كوژاندنا ڕووبەرێ (٢٠/دونم) ژ پارچا ژمارە (١/١٣) كەرتێ ٣٧/ نمریك) ئەوا ڕووبەرێ وێ یێ گشتی (٣٨٢٣/دونم و ١٤/اولك و ٧٢/م٢) بۆ سەرۆكاتیا باژێرڤانیا فایدە لدیف یاسا ژمارە (٥) یاسالا ٢٠٠٧ بۆ مەرەما (چێكرنا وێستگەها چارەسەركرنا ئاڤاگران) بجهئینانا نەخشێ باژێرڤانییێ (لتنفیذ تصمیم البلدیة) هیڤی یە هین یان ئەوین نوێنەراتیا هەوە دكەن ئامادەبن لدەم و جهێ لسەری دیاركری هەكە نامەدە نەبن دێ لیژنە ب كاری خۆ رابیت.
سەرۆكی لیژنێ
د. لزگین حجی عساف
ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاندنا پاریزگەها دهوكێ
* * *
فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریكار
ژمارە/ ٣٤٩
ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢
هۆشداری
هۆشدەر/ پارێزەر مصطفى هادی روستم
بریكاری گشتی میراتگرانی روستم صابر سعید هەریەك لە هادی و عبدالامیر ئارازو أحلام و نرمین و كردستان و نیشتمان و منداڵانی روستم صابر
هۆشداریكراو/ مسعود صابر صالح
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاراستەكراوە لە فەرمانگەكەمان لەلایەن پارێزەر مصطفى هادی روستم بریكاری روستم صابر سعید و میراتگرانی بە هۆشداری ژمارە ٢٠١١٢ تۆمار ١٠١ لە ٢٠٢٠/٨/١١ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری مختاری گەرەكی سعدوناوە لە ٢٠٢٠/٨/٣٠ لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی پێتراوەگەیێنم تۆ كرێچی بریكاردارانمی لە دوكانی دروستكراو لەسەر بەشێك لە مولكی ژمارە ٢١٦ كەرتی ٤٤ وارش بەكرێی مانگانە بڕی ٣٣٠٠٠٠ سێ سەدو سی هەزار دیناری عێراقی لەبەر ئەوەی كرێی مانگەكانی ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ سالی ٢٠٢٠ نەداوە كە كۆی گشتی دەكاتە ١٠٩٨٠٠٠٠ یەك ملیۆن و نۆسەد و هەشتا هەزار دینار بڕیە هۆشداریت دەكەم لە ماوەی ٨ ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگاداركردنەوەت ئەم هۆشداریە كرێیەكان ئامازە پێكراوە لەسەرەوە ڕادەستی بریكارادانم بكەی بە پێچەوانەوە ناچار دەبم پەنا ببەمە بەر یاساو داوای یاساییت لەسەر تۆمار دەكەم گشت تێچوو وە ماندی بوونی پارێزەرایەتیت بگەرێتەوە سەر بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارەی گشتی ٣ ژمارەی تۆمار ١٣٠ لە ڕێكەوتی ٢٠١٢/١/٣ لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر و بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارە ٢٠٠٩ تۆمار ١١ لە ٢٠١٥/٢/١٨ لە فەرمانگەی دادنووسی یەكەمی هەولێر و بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارە ٧٧٤ تۆمار ٤ لە ٢٠١٢/١/٢٣ لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر ئێواران و بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارە ١٢٨٦ تۆمار ٧ لە ٢٠١٥/٢/١٩ لە فەرمانگەی دادنووسی دووەم و بە پێی بریكارنامەی گشتی ٧٨٣ تۆمار ٤ لە ٢٠١٢/١/٢٣ لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر ئێواران بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارە ١٢٧٧ تۆمار ٧ لە ٢٠١٥/٢/١٩ لە فەرمانگەی دادنووسی دووەم و بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارە ١٦١٧ تۆمار ٩ لە ٢٠١٥/٢/١٩ لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر ئێواران و بەپێی بریكارنامەی گشتی ژمارە ١٢٥٤ تۆمار ٧ لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێری دووەم هۆشداری كراو پاساوی نیە.
دادنووسی یەكەم/ بۆتان كامیران میران
* * *
دادگای باری كەسیەتی لە رانیە
ژمارە/ ١٤٩/ش/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٢
ئاگاداری
بۆ داوالێكراو اسماعیل احمد عبدالله
ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
داواكار/ نور احمد اسماعیل
داواكار نور احمد اسماعیل داوای ژمارە ١٤٩/ش/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆماركردووە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١١ بۆ تفریق لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ڕوونكردنەوەی بنكەی پۆلیسی كێوەڕەش و پشتگیری موختاری گەرەكی تیتۆكە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگاداركردنەوەت بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢١ لەم دادگایە ئامادەبیت یان بڕیكارێكی یاسایی بنێریت بەپێچەوانەوە ئەم دادگایە بەنادیاری و ئاشكرا داواكە دەبینێت.
داوەر/ حبیب حمید علی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردی دهۆك
ژمارە/ ٢٠٢٠/٢٤٠/ موحدە
ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٩/٣
راگەهاندن
بڕیارهاتەدان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە ٣٥١٦١/دهوك-تایبەت جۆرێ ئوپل-ئومیگا صالون مودێل ١٩٩٢ ڕەنگ ڕەساسی ئەوا تۆماركری بناڤێ حمید حسن تیلی هەر كەسێ بڤێت بكریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بكەت ل دەمژمێر ١٢ دوازدە نیڤرۆ ل ڕوژا (٣) سێ پشتی راگەهاندنێ و تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا ١٠٪ ژ كۆژمێ خەملاندنێ كو دبیتە ٣,٦٩٠,٠٠٠ سێ ملیۆن و شەش سەد و نوت هزار دینار دگەل ڕەگەزنامانا عیراقی بو زانین ڕەسمی توماركرنێ و دەلالیەت لسەر بكرێە.
ژڤان عزیز محمد/ ڕێڤەبەر (جێبەجێكاری داد)
* * *
سەرۆكاتیا باژێرڤانیا باعەدرێ
بەشێ كارگێری و خۆیەتی
ژمارە/ ٢٣٩/٣٠٠/١/١
میژوو/ ٢٠٢٠/٨/٣٠
بۆ بەرێز/ شهوان حیدر الیاس
ترساندن
ژ بەر دوماهیك هاتنا مۆلەتا تە ل ڕێكەفتی ٢٠٢٠/٨/٣٠ ئ یێ ئەگەر ئەم ئاگەهداریا تە دكەین كو دەست ب كارێ خۆ بكەی ژ ڕوژا بهێیە ئاگەهدارگرن ب ترساندنا مە بو دەمێ ٧ ڕۆژا ئەگەر تو ل سنووركێ هەرێمی بی و ئەگەر دەڕفەی هەرێمی بی بو دەمێ ٣٠ ڕوژا بەروڤاژی دێ هێیە دەست كێشان ژ كاری ل دیڤ برگا ١ ژ بەندێ ٢٧ ژ قانونا باژێری یا ژمارە ٢٤ سالا ١٩٧٠ ئ یێ ڕاستكری.
ئەندازیار/ ایوب فرمان عبو
سەرۆكێ باژێرڤانییا باعەدرێ
* * *
سەرۆكایەتی دادگای تاوانی سێیەم هەولێر
ژمارە/ ٨١/ج/٢٠١٩/٣
ڕێكەوت/ ٢٠١٩/٨/٣١
بۆ/ سزادراوانی هەڵاتوو/ (سعدالله و سالم و نزار و شیروان و حسین) كورانی نعمت مصطفى و(سروان و سامان) كورانی كریم خان مصطفى
ئاگاداركردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر داوای ژمارە ٨١/ج/٢٠١٩/٣وە پاش دادگایی كردنی پاشمەلە غیابی ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٩ بریاری دەركرد بە سزادانتان بە بەندكردنتان بۆ ماوەی پێنج سال و یەك مانگ بەپێی مادە ٤٠٥-٣١ لە یاسای سزایی دلالە مواد ٤٧، ٤٨، ٤٩ لە یاسای سزایی بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیێنین كە خۆتان ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنكەیەكی پۆلیس بكە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بن بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتباركردنتان و سزادانتان دەبێتە بریاری ئامادە حكم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی ١٤٣ و ٢٤٣/أ لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردن أصول محاكمات الجزائیە.
داوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای كەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٤٣٧/ك/٢٠٢٠/٤
بەروار/ ٢٠٢٠/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ كمال مغدید همزه
ئاگاداركردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادە ١٤٣ لە یاسای بنەمایی دادگاكردن سزایی دادگاكەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە كاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٢٠ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزایی بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
داوەر/ ثومید محسن حمدامین
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٣٩/ج/٢٠١٩/٤
ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هەوراز كاوێس اسماعیل
ئاگاداركردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٠٦ لە یاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاكەت لەكاتی ئێستادا بۆیە بردرا پاڵپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەكانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەكرێیت بەشێوەی پاشمەلە / غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
* * *
سەرۆكایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٦٧/ج/٢٠٢٠/٣
ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگاداركردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ یونس حبیب باوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٤٢ لە یاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاكەت لەكاتی ئێستادا بۆیە بردرا پاڵپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەكانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٤ وە بەپێچەوانەوە دادگایی كردنەكە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمەلە بەپێی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆكایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٥٠/ج/٢٠٢٠/٣
ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣٠
ئاگاداركردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئاسۆ دلاوەر محمدامین
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩ لە یاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاكەت لەكاتی ئێستادا بۆیە بردرا پاڵپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەكانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی كردنەكە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمەلە بەپێی یاسا.
دادوەر / زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای تاوانەكانی سلێمانی/١
ژمارە: ٣٢٦/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راكردوو: رزگار نادر مولود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو كێشەیەی كە تایبەتە بەبنكەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری كراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەكان ئاگادارت بكەینەوە كە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٢ لەبەردەم دادگاكەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەی بەپێچەوانەوە دادگایی دەكرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای كەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٣٢٠٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری راكردوو: سالم كریم عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی ماددەی (٢ ژمارە ٦) لەیاسای (خراپ بەكارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەكان) لەو كێشەیەی كە تایبەتە بەبنكەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری كراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەكان ئاگادارت بكەینەوە كە لەڕۆژی ٢٠٢١/١/١٣ لەبەردەم دادگاكەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەكرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای كەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٢١٩/ك/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راكردوو: اكرم عبدالله حبیب شلال
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بكرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای (سزادان) لەو كێشەیەی كە تایبەتە بەبنكەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری كراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەكان ئاگادارت بكەینەوە كە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٨ لەبەردەم دادگاكەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیكترین بنكەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەكرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای كەتنی دوكان
ژمارە: ٦٧/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٩
پسولەی ئاگاداركردنەوە
ناوی تۆمەتبار/ محمد طیب رسول نانوینشان نادیار
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٦٧/ك/٢٠١٨ لە دادگای كەتنی دوكان سكاڵاكاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاری كراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگاداركردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەدادگای كەتنی دوكان لە ڕێكەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢ لەكاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی لەسەر كێشەی ژمارە (٦٧/ك/٢٠١٨) بەپێی ماددەی ٢٢٩ لە یاسای سزادان بەبێ دواكەوتن بەپێچەوانەوە بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادوەر/ ابوبكر مولود عبدالله
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەكی دكەین كۆ كومپانیا (زاهد) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاكتاوكرنا كومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وكەسەكی مافەك ل سەر كومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاكتاوكەری بكەن ل (باژێرێ دهوكێ) بۆ ئێكلاكرنا كێشەیان
پاكتاوكەر / وارگر محمد احمد
ناڤ ونیشان / دهوك – مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٩٧١١٨٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٩٠٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (DELIGHT دیلایت) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣١٣٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (K.K.Oil) بۆ (بازرگانی گشتی و ڕۆنی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت


خۆپێشاندانەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی 6ی ئەیلوول 1960
لە ئەرشیفی/ کاروان محەمەد سینو


خۆپێشاندانەکەی بەردەرگای سەرای سلێمانی 6ی ئەیلوولی 1930

لە یادی ڕاپەڕینی 6 ی ئەیلوولی 1930 بەردەرکی سەرای سلێمانی دا

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر: ڕۆژی "6 ی ئەیلوولی 1930" بۆ کورد و شاری سلێمانی هێزو سەروەری و، بۆ دەسەڵاتدارانی عێراقیش لاوازی و ترس و دڵەڕاوکێ بوو

زانیار سەردار قەرەچی/ سلێمانی

بەشی یەکەم

یەکێک لە ڕۆژە خوێناوی و مێژوویەکانی شاری سلێمانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانییە، کە لە ڕۆژی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930یەوە، کە جەماوەری شاری سلێمانی لەو دەمەدا دژی داگیرکەران و خۆفرۆشان بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی ئەوسەردەمە ڕاپەڕینیان بەرپاکرد، لەپێناو پوچەڵکردنەوەی ئەو معاهەدەی نێوان حکومەتی عێراق و ئینگلیز کە بەسترابوو، دوابەدوای ئەوەیش کورد داوای مافی خۆی دەکرد.. لە ئەنجامی وەڵامی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دەسەڵاتدارانی عێراق بە دەسڕێژی گوللە وەڵامیان دانەوە و هێرشیان کردە سەریان، لە ئەنجامدا (دەیان) کەس لە هاووڵاتیانی سلێمانی بە گوللەی دوژمنان شەهید بوون و بە دەیانی تریش بریندارکران و، (سەدان) کەسیش دەستگیرکران.

ئەو ڕۆژە ناوزەدکرا بە "ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول" یا ڕۆژی شەشی ئەیلوول، یا شەڕی بەردەرکی سەرا.. چونکە لە هەموو سەردەمێکدا بەردەرکی سەرا کە سەنتەری شار بووە بەردەوام جموجوڵی سیاسی هەبووە و کوردایەتی پەرەی تێدا سەندووە.. بۆیە ڕژێمە سەرکوتکەرەکان لەوێوە هەوڵی سەرکوتکردنی جەماوەریان داوە و ئەوشوێنەی کۆنترۆڵ کردووە و کردویانەتە بنکەیەکی سەربازیی گرنگ بۆ دژایەتی خەڵکی سلێمانی.

ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ڕۆڵی ئازایانەی چەندین کەسی ئەو شارە بوو لە نێویاندا کەسایەتی ناسراو (عەولەسیسی پاڵەوان)ە، کە لە کاتی هەڵمەت بردنیدا بە خەنجەرەوە بۆسەر ئەو ڕەشاشەی تەقەی لە خۆپێشاندەر دەکرد عەولەسیس شەهید کرا.

زۆرێک لە خەڵکی سلێمانی بەشداربیان تێدا کرد و ڕۆشنبیران و شاعیران و ڕووناکبیرانیش لەوکاتەدا ڕۆڵی بەرچاو گرنگی خۆیان تێدا بینی لە هاندان و پشتگیری کردنی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد بە هوتاف کێشان و وتار خوێندنەوە و هۆنراوە بۆ پەرەسەندنی هەستی کوردایەتی.. ئەو ڕاپەڕینە بووە بناغەدانەر و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سلێمانی. لە دوای ئەو ڕاپەڕینە و ساڵانی دواتریش چەندین هۆنراوە بۆ ئەو یادە نووسراو بڵاوکرایەوە و بەرز رایانگرت.. ئەو شاعیرانەیش بریتی بوون لە " شێخ سەلام، پیرەمێرد، بێکەس، ئەحمەد موختارجاف، گۆران، قانع، ئەخۆل" و، چەند کەسێکیکی دیکە..

بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە پیرۆز و گرنگەو، بە بۆنەی تێپەڕبوونی " 90 " ساڵ بەسەریدا، هەر یەک لە بەڕێزان " دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، مامۆستا حەمە ساڵح سەعید، مامۆستا جەمال بابان "، بەم شێوەیە دوان:

• سەرەتا دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی بەم شێوەیە لەو ڕاپەڕینە دوا و گوتی: ڕۆژانێک هەن چەندین لاپەڕەی نەمرییان بۆ مێژوویی نەتەوەکەمان تۆمارکردوە، ئەو سەروەریانەی شانازی گەورەیان بۆ نەوەکانی ئایندە بەجێ هێشتووە. هەر بۆیە بێگەڕانەوە بۆ مێژوو، ئەستەمە لە مانا و گەورەیی ڕۆژێک دەگەڕان ڕقی پەنگخواردووی خۆیان بەسەر حکوومەتی عێراق و بەریتانیای داگیرکەردا بڕێژن.

ئەمەو لە لایەکی دیکەوە دوای ئەو شکستەی کوردی ئەم بەشەی کوردستان، قەیرانێکی ئابووریی جیهانی لە نێوان ساڵانی (1929- 1932) گرتەوە، کە کاریگەری خۆی لەسەر کوردستان و شاری سلێمانیش دروستکرد. بەتایبەت لەسەر کەم بوونی کاڵا سەرەکییەکان و کەمی داهات و خەرجی و بێکاری زۆر. لە پاڵ ئەو قەیرانەیشدا ستەمی دەسەڵاتدارانی بەغدا لەسەر کورد و ناوچە کوردنشینەکان لە زیاد بوندا بوو، وەک ئەوەی لە کۆی (731) فەرمانبەری دەوڵەتی لە ناوچە کوردییەکاندا تەنیا (324)یان کورد بوون واتە (407) فەرمانبەریان لە عەرەب و تورکمان و ئاسووری پێکهاتبوون. بەمەیش نزیکەی (60%) ی فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە ناوچە کوردییەکاندا کورد نەبوون!.

ئەمەو هەر لەو سەروبەندەدا پەیانی نێوان (حکومەتی عێراق و بەریتانیا) لە (30ی حوزەیرانی 1930) واژۆ کرا. بە پێی ئەو پەیانەش حکوومەتی بەریتانیا عێراقی دەکردە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان. بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی پەیانەکە دەرکەوت هیچی لە بارەی کوردەوە تێدا نییە.

د. کەیوان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە ئاستانەی ئەو ڕاستیانەشدا موتەسریفی سلێمانی، کە کوردێکی شاری سلێمانی بوو بە ناوی ئەحمەد تۆفیق، دوور لە ویستی هاوشارییەکانی کاری دەکرد. هەر بۆیە خەڵکی ئەو شارە خۆشیان نەدەویست و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا بە خراپ باسیان دەکرد، ئەمە و لە تۆمارێکی میژوویی ساڵی 1930 دا هاتووە ئەگەرچی لیوای سلێمانی، کە مەرکەزەکەی شاری سلێمانییە لە لایەن کوردێکی ئەو شارەوە ئیدارە دەکرێت و ناوی "ئەحمەدی تۆفیق بەگ"ە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینە لە حکومەتەوە دانیشتوانی لیواکە دەبینێت، نەوەک لە دانیشتوانەکەیەوە، بۆیە جێگای ئومید نییە، ئەمە و پێدەچێت دانیشتوانی شاری سلێمانی هیوایەکیان بە موتەسریفە کوردەکەی خۆیان نەمابێت، بۆیە هەر بەهۆی دانیشتوانەکەیەوە لە کارەکەی دوورخرایەوە و (ئەحمەد عوسمان)ی خەڵکی شاری هەولێر لە شوێنی دانرا، بەڵام ئەوەیش ڕقی جەماوەری سلێمانی نەهێنایە خوارەوە.

بەر لە ڕوودانی ڕاپەڕینەکە بە چەند مانگ و ڕۆژێک بەرپرسانی ژێدێمی پادشایەتی عێراق هەستیان بەوە کردبوو، کە دانیشتوانەکەی خۆیان بۆ هەڵچوونێکی جەماوەری ئامادە کردووە، بۆیە سەرباری ئەوەی لە 11ی مایسی1930 جارێکی دی کەسایەتییەکی شاری سلێمانیان بە ناوی (تۆفیق وەهبی بەگ) لە بری (ئەحمەد عوسمان) کردە موتەسریفی سلێمانی و (غازی کوردی فەیسەڵ)یش، کە جێنشینی باوکی بوو، لە تەمموزی 1930 سەردانی شاری سلێمانی کرد، هەورەها لە 10ی ئابی1930 شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق، کە پێکهاتبوون لە جەعفەر عەسکەری جێگری سەرۆک وەزیران بە یاوەری هەردوو وەزیر (جەمیل مدفعی و جەلال بابان) و (مێجەر یانگ) لە بری نوێنەری باڵای حکوومەتی بەریتانیا لە عێراق، سەردانی شاریان کرد و تا (12ی ئاب) مانەوە.

بەڵام هیچ یەک لەو هەوڵانەی حکوومەتی عێراق لە ڕقی جەماوەری شاریان کەم نەکرد، وەک ئەوەی ئەوان بە هیچ یەک لەم کارە و هەوڵەکانیان ڕازی نەبن، چونکە لە بۆچوونی دانیشتوانی شاردا ئەو سەردانانە تەنیا بۆ دڵنەوایی و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بوو، نەوەک بۆ جێبەجێکردنی داواکانی خەڵک. هەر بۆیە لە نێو ئەو بارودۆخە خراپەدا، زەمینەی ڕاپەڕینەکە ڕەخسا.


لە وەڵامی پرسیارێکماندا کە ڕاپەڕینەکە چۆن ڕوویدا؟ بۆ لە 6ی ئەیلوودا بوو؟

د. کەیوان گوتی: بە پێی بڕیارێکی حکوومەتی عێراق دەبوا لە 6ی ئەیلوول هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێت، دانیشتوانی شاری سلێمانیش دەبوا وەک هەر پێکهاتییەکی تری عێراق بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، بەڵام بەپێرەوە چوونی ئەو پرۆسەیە و دژایەتیکردنی لە نێو دانیشتوانی شاردا بیرورای جیاواز و هەڵوێستی جیاوازی لێکەوتەوە. بەو پێیەشی شوێنی دەنگدانەکە سەرای سلێمانی بوو، بۆیە دەبوا هەردوو بەرەی دژ بە یەک لەوێدا کۆببنەوە. بەرەی دەنگدەران، تا لەوێدا دەنگی خۆیان بدەن و دڵسۆزی خۆیان بۆ دەوڵەت دووپات بکەنەوە و دژایەتی نەکەن. بەرەی نەیارانی دەوڵەتیش دەبوا لەوێدا کۆبوونەوەیەک ساز بکەن، تا لە لایەک ببنە ڕێگر لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا و لە لایەکی دیکەوە دژایەتی خۆیان بۆ ئەو پرۆسەیە دوپات بکەنەوە. ئەوە بوو دەنگدانێک بەشێکی زۆری دانیشتوانی شاری لە بەردەرکی سەرا کۆکردەوە. دیارە ئەوانەی ئامادەی دەنگدان بوون و ئەو ڕۆژە بۆ ئەو مەبەستە هاتبوونە ئەوێ، نزیک بە سی کەس دەبوون، کە کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراو بوون ،کە لە نێویاندا (حاجی ئیبراهیم ئاغا، مەجید بەگی حاجی ڕەسووڵ بەگ، غالب ئاغا، حاجی کەریم، کەریمی عەلەکە، سەید ئەحمەدی تونچی، کەریم بەگی محەممە بەگ، حاجی کاکە حەمە، حاجی مەلا محێدین، حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی) ناسراوبوونەوە. لەوانەشی دژی هەڵبژاردن بوون و زۆربەشیان لە بەردەرکی سەرا کۆبونەوە تا دەست بدەنە ڕاپەڕین پرۆسەکە تێک بدەن، کۆمەڵێک بوون، کە لە نێویاندا ئەمانەی تێدا بوون: (ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەشوڵی هونەرمەند، فایەق بێکەس، حەمە سەعید دارتاش، محێدینی ساڵە سوور، محێدینی حەمامچی، ساڵح قەفتان، فۆئاد ساڵح قەفتان، عەزمی بەگی بابان، محەممەد ساڵح بەگی محەممەد عەلی بەگ، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، عیزەت بەگی وەسمان پاشا، فایەق بەگی مارف بەگ، شێخ محەممەدی گوڵانی، مەجید ئەفەندی کانیسکانی، ڕەمزی فەتاح، تۆفیق قەزاز)، لە بەرامبەر ئەو (دوو) بۆچوونە جیاوازی دانیشتوانی شاریشدا بەرپرسانی حکوومەت بۆ پاراستنی باری ئاسایشی پرۆسەکە و ڕێگرتن لە هەر کارێکی نەخوازراو، هێزێکی زۆری لەسەر باڵەخانەی بەردەرکی سەرا دامەرزاند بوو. کاتێکیش دەست بە پرۆسەکە کرا، دەنگی خۆپیشاندەران بە دروشمی تایبەت و هوتاف کێشان دەستی پێکرد. بەمەش هێزەکانی حکوومەت کەوتنە تەقە لە خۆپیشاندەران و ڕاپەڕینەکەی خستە قۆناغێکی ترسناکەوە، کە لە دەرئەنجامدا (دەیان) کەس بوونە قوربانی و ژمارەیەکی بەرچاویش لە خۆپیشاندەران بریندار بوون. لە کاتێکدا لە هێزەکانی حکوومەت تەنیا (یەک) کوژراو و (دوو) بریندار هەبوو.

سەختی ئەو بارودۆخەی شار، بەرپرسانی حکوومەتی ناچار کرد هێزێکی تایبەت لە ژێر فەرماندەیی (بەکر سدقی) ڕەوانەی سلێمانی بکەن و لە چەند شوێنێکی شار و لەوانەش لەسەر مزگەوت و تەکییەکان بنکەی سەربازی دابنێن. هەموو ئەوانەشی لەو بنکانە دایانان لە سەربازی عەرەب و سیخی پێکهاتبوون، بەڵام هیچ یەک لەو فشار و هێزانە نەچۆکی بە ئیرادەی شار و دانیشتوانەکەی دا، نە بە بەرژەوەندی حکوومەتیش گەڕا، تەنیا ئەوەندە نەبێت ڕاپەڕینێکی دامرکاندەوە. لێرەوەش ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولی 1930 بووە مێژوویەکی بەرەنگاری بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی، تا ئەوەی شارەکە دوای ناوی (شێخ محەمود) بە ناوی (ڕۆژی شەشی ئەیلوول) ناسرا.

لەو مێژووەوە و تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی داگیرکاری بەسەر شاری سلێمانییەوە بوون، هەمیشە ئەو شارە و دانیشتوانەکەی بوونە نەیار و ئۆپۆزسیۆن بەڕووی دەسەڵاتدارەکانی بەغدادا. پێدەچێت هەر ئەو تۆوەش بێت، کە بیری ئۆپۆزسیۆنی و نەیار بە دەسەڵاتی لە ناخی هەندێک لە دانیشتوانەکەیدا دروستکردبێت، تا ئەوەی بەر لە (46) ساڵ بەشێکیان بوونە نەیاری (شۆڕشی ئەیلوول) و بۆ (دوو) ساڵیش بوونە نەیاری کار و پرۆژە و دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!.

تاچەند وەزارەتی پەروەردە ئامادەکاری بۆ خوێندنی ئۆنلاین کردووە؟



خەبات / ڕۆشنا عەلی

کاتێک باس لە خوێندنی ئۆنلاین دەکرێت زۆربەی زۆری دایبابان و پەروەردەکاران هاوڕا نین لەگەڵ بوونی ئەمجۆرە لە خوێندن، پرسیارە سەرەکییەکەش ئەوەیە ئایا هۆکارەکەی شێوازی ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنیانەن کە لە ڕابردوودا لەکەرتی گشتی وناحکومی پەیڕەو کران ئەزموونێکی خراپ بوون ؟ یان هۆکارەکە خودی مامۆستایان و پەروەردەکارانن کەلەگەڵ وەها سیستەمێك ڕانەهاتوون؟ ئایا خودی قوتابیانن کە پێیان وایە خوێندن لە ئۆنلاین وشك و بێ چالاکییە ؟دەکرێت بپرسین ئایا کێشەکانی ئۆنلاین لە کوردستان چین وەزارەتی پەروەردە چ ئامادەکارییەکی بۆ ئەم خوێندنە کردووە ئەگەر پەنای بۆ ببات لە داهاتوودا؟ چ بەرەو پێشچوونێکی بۆ دەکات؟ کەی پەنای بۆ دەبات ؟ هەموو ئەم پرسیارانەمان ناڕاستەی مامۆستا حەسەن سەرتیپ جاف یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان لە وەزارەتی پەروەردە کرد :

حەسەن سەرتیپ جاف بۆ خەبات :

ئەمساڵ ئەگەر پەنا بۆ ئۆنلاین ببرێت قوتابخانەی حکومی و ناحکومی یەک سیستەمی گشتگیر پەیڕەو دەکەن

نزیکەی 700000 قوتابی قوتابخانە ئەلیکترۆنییەکەی وەزارەتی پەروەردەیان بەکارهێنا



یەکێک لە بژاردەکان ئەوەیە تەنها وانە سەرەکییەکان بخوێنرێت

ئۆنلاین ئامانج ناگەیەنێت ناتوانێت 100% پەروەردەیی و زانستی بێت

•سەرەتا دەربارەی خوێندنی ئۆنلاین لە ڕابردوودا کە تاچەند بەدەنگەوە هاتنی لەلایەن قوتابیان و مامۆستایان و پەروەردەکارانەوە هەبوو مامۆستا حەسەن وتی : هەر لە 26-2-2020 کاتێک دەوام داخرا وەزارەتی پەروەردە کەوتە بەردەم کۆمەڵێك بژاردە کە بژاردەکانی A.B.C.D بوون لە سەرەتا چاوەڕێبووین تا 1/5 ژیان ئاسایی بێتەوە دەوامی قوتابخانەکان دەست پێبکاتەوە دواتر بڕیاری ئۆنلاین درا بە پێی پلانی Bئەوەبوو قوتابخانەیەکی ئەلیکترۆنی جوان دروستکرا بە ئۆنلاین بوو کە کۆمپانیاو قوتابخانەی ناحکومی هاوکار بوون، هیچ پارەیەك لەسەر وەزارەتی پەروەردە نەکەوت هەر بە کادری خۆمان و ڕێکخراوی یونسێف ئامادەکرا و نزیکەی 700000 قوتابی بەشداربیان تێدا کرد.

•دەربارەی ئەوەی کە ئایا بۆ ساڵی ئایندە و ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت ئۆنلاین بە دیلێکی باش دەبێت بۆ دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن مامۆستا حەسەن وتی : ئۆنلاین دواییین بژاردەی وەزارەتی پەروەردەیە ، چونکە ئامانج ناگەیەنێت ئێمە بۆ ساڵی ئایندە کۆمەڵێك بژاردەمان لەبەر دەستە ئەنجومەنی وەزارەت کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا و کۆ بوونەوەی تریشیان دەبێت کە یەکێك لە بژاردەکان ئەوەیە هەفتەی یەك ڕۆژ دەوامبکرێت هەر ڕۆژەو دە قوتابی دەوامبکات و هەروەها پێشنیاری ترکەمکردنەوەی پڕۆگرامەکانە بۆ نموونە هەندێك وانە هەیە دەتوانرێت ئەمساڵ نەخوێنرێت ، پێشنیاری تر زۆرن و بارودۆخەکەش هەم بۆ وەزارەتی پەروەردەو جیهانیش ڕوون نییە تا بتوانێت بڕیاربدات .

•دەربارەی ئەوەشی ئەگەر بژاردەی ئۆنلاین گونجاو بوو سیستەمەکەی وەزارەتی پەروەردە هەمان سیستەمی ئۆنلاینی نەکراوە .

ڕابردوو ئەبێت؟مامۆستا حەسەن وتی : ئەگەر پەنا بۆ ئۆنلاین بەرین ئێمە سیستەمەکەمان ئامادەیە ئەتوانین بەرەو پێشێشی بەرین و ڕێکخراوەکانی یونسێف و یونسکۆ هاوکار دەبن بۆ ئەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو جیهانیشدا ئۆنلاین ئامانج ناگەیەنێت قوتابخانەی ئۆنلاین ناتوانێت 100% پەروەردەیی و زانستی بێت ئێمە هەموو قیدۆکانمان ئامادەیە بە ئینگلیزی بە کوردی و زمانەکان هەندێکیش بە تورکمانی وتەنها بادینی چەند وانەیەك داغڵ نەبێت دابینی بکات ، بۆ ئەنترنێت وەزیری پەروەردە لە گەڵ کۆمپانیاکانی هێڵی ئەنتەرنێت لە قۆناغی یەکەم ئەو کێشە یەیان چارەسەرکرد کە بەبێ هێڵی ئەنتەرنێت قوتابخانەکە بتوانێت کار بکات و فری بوو ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر پەنای بۆ ببرێت پێویستە زیاتر بەرو پێش ببرێت.

•دەربارەی ئۆنلاین لە قوتابخانە ناحکومییەکان کە ئایا تاچەند سەرکەوتوتر بوو سیستەمەکانییان پێشکەوتووتر بوو جیاواز لەوەی هەبوو لە قوتابخانە حکومییەکاندا؟ مامۆستا حەسەن وتی : نەخێر من پێم وابوو ئەوەی حکومەت بۆ دایبابانیش باشتر بوو لەبەر ئەوەی ئەنتەرنێت فری بوو وەزارەتی پەروەردە توانی لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەڵێك ڤیدۆ داغڵی قوتابخانە ئەلیکترۆنییەکە بکات بە هاوکاری هەندێك قوتابخانەی ناحکومی و قوتابیش کۆنتاکتی لەگەڵ مامۆستاکەی خۆی دەکرد ، بەڵام ڕەنگە ئەمساڵ ئەگەر پەنا بۆ ئۆنلاین ببرێت قوتابخانەی حکومی و ناحکومی یەك سیستەمی گشتگیر پەیڕەو بکەن .

•دەربارەی ئەوەشی بۆچی بەردەوام لەگەڵ باسکردنی ئۆنلاین ژمارەیەکی زۆر خەڵك هاوڕا نین لە گەڵ ئەوەی پەنای بۆ ببرێت بە بۆچوونی ئێوە هۆکار چییە ؟مامۆستا وتی: ئەگەر ئێمە پەنای بۆ ببەین بێگومان لە ناچارییە و ناکرێت پەروەردەکار نەخوێندنی پێ باشتر بێت لەوەی بە قوتابخانەی ئەهلی خوێندن بەردەوام بێت، بە پێچەوانەوە دەبێت هاوکار بێت لە کاتێکا ئێمە بە کۆتا بژاردەمان هەژمارکردووە، وەزارەتی پەروەردە لە دوای ئەوەی ئەم بارودۆخەی کۆرۆنا دروستبوو بارودۆخێکی لە ناکاو بوو بۆ ئێمە و هاوکات بۆ هەموو جیهانیش، تا ئێستاش نازانین ئەم بارودۆخە چۆن تێئەپەڕێت بۆ نموونە تورکیا دەرگای قوتابخانەکانی کردەوە پاش دوو هەفتە دووبارە دایخستەوە، ئێمەش وەك وەزارەتی پەروەردە جەنابی وەزیری پەروەردە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ وەزیری تەندروستی کە ڕۆڵی سەرەکی بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی لەسەر بەندە بۆ ئەم دۆخە.

بۆیەپێم وایە وەك وەزارەتی پەروەردە لەم دۆخەدا هەنگاوی باشیان ناوە بۆنموونە تێپەڕاندنی ئەزموونەکان کە کێشە بووچۆن ئەزموونەکان تێپەڕێنین ئەوە بوو هەم تاقیکردنەوە گشتییەکان و هەم پۆلە ناکۆتاکانمان ئەنجامدا کە تا ئێستا لە بەغداد نەکراوە.

•دەربارەی کێشەکانی ئۆنلاینیش لە کوردستان مامۆستا حەسەن وتی: بە بۆچوونی ئێمە سەرەتا کە بیرۆکەی قوتابخانەی ئەلیکترۆنیان دانا پێشبینی ئەوەمان نەئەکرد 700000 قوتابی بەکاری بهێنێت وبەشداربێت یەکێك لە کێشەکانی ئەوەیە دەبێت ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای ئێمە و خانەوادەکانیان زیاتر بێت ، چونکە ئەگەر بگەینە ئەو قۆناغە ئەوە جێگرەوەی تر نییە ، یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە کە هەر منداڵێکی ئێمە پێویستی بە مۆبایلێك یان ئایپادێکی زیرەکە کە ڕەنگە ئەمە لە توانای هەموو خانەوادەیەك



پلانی وانەوتنەوەو چەند سەرنجێک

سدیق سەعید ڕەواندزی *

یەکێك لەو ڕاسپاردانەی کە بەردەوام سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی(کە ئێستا بووە بە هاوڕێی ڕەخنەگر) جەختی لەسەر دەکەنەوە لە میانەی سەردانیکردنیان بۆ قوتابخانەکان ئەوەیە،کە دەبێ مامۆستا پلانی وانەوتنەوەی هەبێت. پێویستە بابەتەکانی خوێندن، بە پێی ئەو پلانە بە شێوەیەکی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە دیاری بکرێت. بێگومان هەبوونی پلان بۆ هەر کارێك و لە هەر بوارێکی ژیان دابنێت، کارێکی سەرکەوتووە، چونکە پلان وادەکات کە بە شێوەیەکی سیستەمێزەکراو، بە گونجاندن لەگەڵ کات، کارەکان ئەنجام بدرێن. بۆیە کەسان لاری لەوە نییە کە پلان نەخشە ڕێیەکی گرنگە و دەبێ مرۆڤ بۆ هەر هەنگاوێك لە ژیانیدا پلانی هەبێت. وەلێ نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە بایەخی پلان لە پراکتیزەکردنی دایە. ماهیەتی هەموو شتێك ئەو کاتە شوێنی خۆی دەگرێت و دەردەکەوێت، کە توانرا لە تیۆرەوە بکرێتە پراکتیك.ئەگەر نەتوانرا بە پێی ئەو پلانەی کە دانراوە کارەکان بکرێن، ئەوا بوونی پلان بە شێوەیەکی تیۆری، هیچ بایەخێکی نییە.لەو ڕوانگەیەوە، ئەگەر پلانی وانە گوتنەوە، لەگەڵ وەرزی خوێندن بەراورد بکەین، ئەوا بە هیچ شێوەیەك مامۆستا ناتوانێت بە پێی ئەو پلانەی کە داینا‌وە وانە بڵێتەوە..چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا، دەرفەتی ئەوەی نییە ئەوەی داینا‌وە وەکو خۆی جێبەجێی بکات. لە کاتێکدا پلانی ڕۆژانە، بۆ ڕۆژانەیە. ئەگەر مامۆستا نەیتوانی ئەوبابەتە بڵێتەوە کە بە پێی پلانەکە، بۆ ڕۆژێکی دیاریکراو دایناوە، ئەوا دەچێتە ڕۆژی دواتر،بە هەمان شێوە بۆ هەفتەی دواتر، لێرەوەش ڕێرەوی ئەو پلانەی کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی داندراوە، بە هیچ شێوەیەك جێبەجێ نابێت. بە دەربڕینێکی تر، گریمان ئەگەر مامۆستایەك پلانی دانابێت بۆ ئەوەی لە نێوان(2/25تاکو3/10) دووبابەتی لە خوێندنەوە و بابەتێکیش لە ڕێزمانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بخوێنێت،ئەوا ئەمساڵ، بە هۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەو ماوەیە بوو بە پشوو، لێرەوەش ئەو سێ بابەتە، دەکەونە دوای پشووەکانی بەهار،کە دەبوو بۆئەو کات مامۆستا بابەتی دیکەی بخوێندبووایە، کەواتە دەکرێ سەرپەرشتیاران پێم بڵێن،مامۆستا چۆن دەتوانێت، بە پێی پلان لەگەڵ میتۆدی خوێندن بڕوات کە ئەوان بەردەوام جەختی لێدەکەنەوە، بەبێ ئەوەی واقیعیانە و زانستییانە زەمینەی جێبەجێکردنی ئەو پلانە بزانن؟

بە هەمان شێوە، ئەمساڵ لە وەرزی یەکەم لە12/25 تاکو 1/4پشوو ڕاگەیاندرا، واتا ئەو بابەتانەی کە دەبوو لەو ماوەیەدا، لە میانەی وەرزی یەکەم بخوێندرێن، کەوتنە دوای ئەزموونەکانی وەرزی یەکەم و لە وەرزی دووەم، دەبوو قەرەبوێی ئەوپشووە بکرێتەوە کە ئەمەش دیسانەوە دەبێتەهۆی دواکەوتن، لە پلانی وەرزی دووەم، لە سەرەتای وەرزی دووەمدا. چونکە ئەو بابەتانەکی کەوتنە بەر ئەو پشووە لە وەرزی یەکەم، دەبێ بخوێندرێن. کەواتە ئێمە پلانمان هەیە، وەلێ بە هیچ جۆرێك ناتوانین وەکوخۆی جێبەجێی بکەین.چونکە خۆم مامۆستام و بە پراکتیکی لە نێو واقیعەکە دام، ئیدی زۆرباش لە هاوڕێی ڕەخنەگر باشتر دەزانم کە ناتوانرێت بە پێی پلانی دانەدراو، لەگەڵ بابەتەکانی خوێندن بڕۆیت و تەواوی بکەیت. بە تایبەتیش کە هەموومان دەزانین ڕۆژەکانی پشوو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چەند زۆرن. ناکرێت هەرتەنها بۆناو،بە شێوەیەکی تیۆری پلانمان هەبێت.ڕەنگە زێدەگۆیی نەکەم ئەگەر بڵێم، سێ بەشی مامۆستایان، تەنها بە شێوەیەکی ڕەمزی و بۆ ڕازیکردنی سەرپەرشتیار پلان دائەنێن، نەك ئەوەی باوەڕیان پێ بێت. ئەمە ڕاستییەکە.چونکە دەزانن ئەستەمە بە پلان بڕۆیت. گرفتی لەمە گەورەتریش ئەوەیە، کە سەرپەرشتیاران داوا دەکەن کە هەر چۆنێك بێت دەبێ تا کۆتایی ساڵ، ناوەڕۆکی بابەتەکان هەمووی بخوێندرێن، کە ئەمەش گرفتێکی دیکەیە و وا لەمامۆستایان دەکات بە شێوەیەکی خێراو بێ قوڵبوونەوە،بابەتەکان شڕۆڤە بکەن.چونکە ناچاردەبن ئەوەی پێویستە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بخوێندرێت، ئەوان بە چەند ڕۆژێك تەواوی بکەن.لێرەوەش قوتابی تەنها بە شێوەیەکی ئەزبەرکردن فێری بابەتەکان دەبێت. بۆیە بە پێویستی دەزانم وەك مامۆستایەك چەند خاڵێك لەو بارەوە بخەمەڕوو :

1ـ نابێ سەرپەرشتیاران، مامۆستایان ناچار بکەن کە هەر دەبێ پلانی هەبێت. بەڵکو دەبێ ئەمە ئاڕەزوومەندانە بێت.ئەوان دەتوانن لە بری فشار دروستکردن، نمرە لە مامۆستا بشکێنن لە چوارچێوەی فۆرمی هەڵسەنگاندن

2ـ بە پێویستی دەزانم کابینەی نوێەم و وەزارەتی پەروەردە، بە فەرمی و بە پێی خشتەیەکی جێگیری ساڵانە، پشووەکان یەکلایی بکەنەوە. چونکە ئەمە باشتر دەرفەت بۆ مامۆستا دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی وانە و پلان هاوسەنگ بکات.دڵنیاشم وەزیری پەروەردە و کابینەی نوێەم لە خەمی پەروەردەدان،بڕیارەکانی ڕابردووش نیشانەی ئەوخەم خۆرییەن .

3ـ پێشنیار دەکەم وەزارەتی پەروەردە، بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕو شارەزاو خاوەن ئەزموون،لە چوارچێوەی وەرزەکانی خوێندن، ئەو بابەتانە دیاری بکات کە پێویستە لە میانەی هەر وەرزێکدا بخوێندرێن و تەواو بکرێن.دواتر گشتاندنی بۆ بکرێت بۆ پەروەردەکان .

4ـ گرنگە جەخت لەوە بکرێتە کە قوتابی چەند فێر دەکرێت و پێوانەی ئاستی زانست بکرێت، نەك هەر چۆنێك بێت پڕۆگرامی بابەتەکان تەواو بکرێن.چونکە فێربوون گرنگە نەك تەواوکردنی مەنهەج.ئەگەر قوتابی بە باشی فێری خوێندنەوە و ڕێنووس،نووسینی وشە و ڕستە بوو،گرنگ نییە هەر چەند بابەتێکیش بخوێنێت. چونکە ئامانجی ئێمە لێرەدا خودی فێرکردنەکەیە،نەك تەواوکردنی لاپەڕەکانی بابەتێکی خوێندن .

5ـ هەر کاتێك، بارودۆخێکی نەخوازراو بە هەر هۆیەکەوە بێت، هاتە پێش و لە ناوەندەکانی خوێندن پشوو ڕاگەیاندرا،ئەوا وەك مامۆستایەك بە گونجاوی دەزانم، کە ماوەی دریژکردنەوەی وەرزی خوێندن، نەکەوێتە مانگی ئایارو نزیکبوونەوەی وادەی ئەزموونەکان. چونکە ئەو کات کەش و هەوا گەرم دەبێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی جەستەیی و هەزری قوتابی دەبێت .

6ـ پێشنیار دەکەم، هەموو ساڵێك دەرگای قوتابخانەکان، لە دەی ئەیلول بکرێنەوە.بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەر وەرزێکی خوێندن بە هۆکاری پشوو‌یەکەوە، خوێندن بۆ چەند ڕۆژێك وەستا، ئەوا کار نەکاتە سەر ڕۆژەکانی وەرزی خوێندن. چونکە زووتر ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێ کردۆتەوە .

دواجار بڕوام وایە کە مامۆستایان خۆیان لە سەرپەرشتیاران باشتر دەزانن وانە چۆن و بە پێی کام پلان بگوترێتەوە. چونکە ئەوان بە شێوەیەکی مەیدانی و پراکتیکی و هەموو ڕۆژێکیش لە نێو واقیعەکەدان.بۆیە ئەوەی گرنگە کە ئەوان جەختی لێ بکەنەوە و بە داداچوونی بۆ بکەن ئەوەیە، کە قوتابییان چەند فێرکراون و ئاستیی زانستییان چۆنە، نەك ئاخۆ مامۆستا تێنووسی پلانی هەیە یاخود نا کە بایەخێکی ئەو تۆی نییە!

•مامۆستای قۆناغی بازنەی یەکەمی بنەڕەتی لە سنووری قەزای ڕواندز



بەگەڕخستنی تەکنەلۆژیا لە پێناو سەرخستنی خوێندن

ئاراس نوری - ئەڵمانیا

پەککەوتنی ڕەوتی خوێندن بەهۆی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ لەسەرتاسەری جیهان پەستانێکی نوێی لەسەر تەکنۆلۆجیا دروست کرد، کە ڕێگەی نوێ و ئاسانکاریی تەکنیکی بۆبەستنەوەی فێرخواز و هۆڵەکانی خوێندن بهێنێتە کایەوە.

لە هەندێك وڵاتدا ئەمە خاوتر دەبینرێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە پاراستنی ژیان، تەزووی کارەبا و ئاویان بە بەردەوامی بۆ دەستەبەر نەکراوە. تۆ کاتێك ڕایەڵەیەکی کۆمپیوتەرت دەبێت کە گرفتی تەزووی کارەبات نەبێ، ناکرێ ئەم گەڕەك سەرهێڵ بن و منداڵەکانی بخوێنن، ئەویتریش چاوەڕێی سەرەی کارەبا بێ. لەم کاتەدا هەبوونی سیستەمێکی دیجیتاڵ بۆ فێرخوازان نادادی پێوە دیار دەبێ. بریکاری ئەمەش گەڕاندنەوەیە بۆ کاغەز و چاپی سەر وەرقە .

ڕاستە ڕێگریی زۆرن بۆ وانەی دیجیتاڵ و خوێندن لەماڵەوە، بەڵام دەکرێت وەکو ژێرخانێکی بەهێزیش بۆ زۆربارودۆخی نالەبار ئەم سەکۆیە دابمەزرێنرێت و کاری بۆ بکرێت. هیچ شتێك بێ پلە و قۆناغ تێپەڕ نابێ، تۆ ناتوانیت لە ماوەیەکی کورتدا بیبتە خاوەن سیستەمێکی دیجیتاڵ و بێ هەڵە، سیستەمێك کە خواستەکانی خوێندن بپێکێت دەبێت بە چەند قۆناغێك دروست بکرێ و تاقی بکرێتەوە.

وەکو کاردانەوە بەرانبەر (ڤایرۆسی کۆڤید-١٩) لە ئەڵمانیا بۆ کەمکردنەوەی قەرەبەڵغی ژووڕەکانی خوێندن، پۆلەکان کران بە دوو بەشەوە، هەر بەشەو هەفتەیەك سەردانی قوتابخانەی دەکرد، ئەوانەی لە ماڵەوەبوون، بەشی هەفتەیەك ڕاهێنان و ئەرکی ڕۆژانەیان پێ دەسپێردرا، سەرەنجام سەرکەوتووانە قوتابی خوێندنی ساڵێکی بڕی، هاوکات کەمێك گەڕایەوە کەشی خوێندن. دیارە بۆ زۆر شوێنی تریش ئەم دابەش کردن و شێوە هاتوچۆیە باشتر کۆنترۆڵ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو قوتابخانەیەك شیکاری دیجیتاڵی پێشکەش کرد، مامۆستاکان لەسەر بەرنامەی خوێندنی دیجیتاڵ وانەکانیان دەوتەوە، ئەگەرچی هاتن و بەشداری لەسەرەتادا تۆزی نەبوو، چونکە ئامارێك لەبەرچاوی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان نەبوو کە کێ توانای سەرهێڵی هەیە، کێ ئینتەرنێت و ئامێری تەواوی هەیە بۆ چوونە ناو سیستەمی خوێندنی سەرهێڵ. کاتێك دەرکەوت ٩٠% بەرەوژوور گرفتی نیە، ئەوکات کرا بە تۆزی و ١٠%ی تریش بە بەردەست خستنی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر هاوکاریی کران .

لە ڕستیدا دەیان ئامراز و بەرنامە هەن کە هەموو ڕاژەکان و بەشەکانی قوتابخانەی تیادا ساز دراوە، تاقیش کراونەتەوە، هەندێکیان (سەرچاوەکراوە open source)ن خۆڕایین، دەکرێت ڕاستەوخۆ زمانی کوردیان بۆزیاد بکرێت و دابمەزرێنرێت. هەندێکیاشیان بە دراوێکی کەم دەتوانرێت بەشی نوێیان لەسەر ساز بدرێت و بەگوێرەی ڕێسا و خواستی شێوەی خوێندن دەستکاریان بکرێت. بەرنامەکانی وەکو (تیم)Team)، (زووم Zoom) و هیتر زوو بوونە شیکارێك بۆ زۆر لە دامودەزگاکان و لە بواری خوێندنیشدا ڕۆڵێکی باشیان گێڕا بۆ دروستکردنی ژووری خوێندن لە کۆمپیوتەردا .

سیستەمێکیش بە خواستی خوێندنی وڵات دروست بکرێت، ئەوا بێگومان دەبێت هەموو ئامرازو و ڕاژەیەکی تیا بهۆنرێتەوە و ئامادە بێ، لەم حاڵەتەدا بێگومان کات و دراوی زۆرتر پێویستن .

تەکنۆلۆجیا چەندین ئاسانکاریی بۆ خوێندن فەراهەم کردوە، تەنیا لە خوێندنی سەرهێڵ قەتیس نەماوە. بەڵکو بۆ هەموو هەنگاو و پێداویستیەکی مامۆستا و فێرخواز بەرنامە و سیستەمی ئەلیکترۆنی چێکراوە. مامۆستا پێویستە بەهەنگاوی داڕێژراو ئەو جۆرە ئامراز و سیستەمانە بە فێرخوازان بناسێنێ، ڕاهێنانیان پێ بکا. ئەمە بۆخۆی هەنگاوێکە بەرکەوتن و ئاسێنی سیستەمەکان ئاسان دەکات، دواتر بڕیاردانیش بۆ دیجیتاڵکردن وەڵامدانەوەی ئەرێنی دەبێت .

ڕەوتی دیجیتاڵکردن تەنیا بە دابینکردنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و وانەی سەرهێڵ کۆتایی نایە، بەڵکو ئەوە بەشێکە لە سیستەمەکە و ڕاهاتن و بەگەڕخستنیان بنچینەیە بۆ تەواوکاریی سیستەمی ئەلیکترۆنی، کە دواتر لەگەڵ پەروەردە و بەشەکانی تری ڕێکخستنی کاری قوتابخانەکان لە ڕایەڵەیەکدا کۆدەبنەوە .







هەڵەبجە.. 50%ی پشکنینەکانی تایبەت بەکۆرۆنا پۆزەتیڤ دەردەچن

تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەڵەبجە: زیاتر لە دوو هەزار کەس لە شارەکەدا تووشی کۆرۆنا بوون



خەبات: عەلی بانیشاری

تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای هەڵەبجە هۆشداری لە خراپیی دۆخی تەندروستی شارەکە دەدات و داواش دەکات هەرچی زووە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی کوردستان دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ هەڵەبجە دابین بکات. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە نێو نەخۆشخانەی وەفا بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان لە هەڵەبجە ئەندامانی تیمەکە ڕایانگەیاند، ئەگەر حکوومەت بەدەم داواکارییەکانیانەوە نەیەت دەستلەکار دەکێشنەوە.

د.جیهاند ئیبراهیم، سەرۆکی تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەڵەبجە بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: بەپێی ئامارەکانی 2ی ئەم مانگەی وەزارەتی تەندروستی تائێستا 900 کەس لە هەڵەبجە تووشی کۆرۆنا بوون، بەڵام ئێمە وەکو پزیشکان دڵنیاتان دەکەینەوە زیاتر لە دوو هەزار کەس لە هەڵەبجە تووشی کۆرۆنا بوون. گوتیشی: ئەوانەی تووشی ڤایرۆسەکە بوون، بەشێکیان لە ماڵەوە و بەشێکی دیکەشیان لە نەخۆشخانە چارەسەریان وەرگرتووە.

سەبارەت بە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی ئێستا لە نەخۆشخانەی وەفا کە تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنایە چارەسەر وەردەگرن، ناوبراو گوتی: لەئێستادا 30 نەخۆش داخڵی نەخۆشخانە کراون و سەرجەمیان باری تەندروستیان ناجێگیرە. ئەوەشی گوت: سێ لە نەخۆشەکان لە چاودێری چڕدان. لەبارەی دەرمان و پێداویستی پزیشکیشەوە، د.جیهاد ئیبراهیم ئاشکرای کرد کۆگای دەرمانی هەڵەبجە نزیکە لە خاڵی بوونەوە. نەیشاردەوە پێداویستی پزیشکی لە نەخۆشخانەی وەفا ڕوو لە نەمانە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی ژمارە 191ی ڕۆژی هەینی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی کوردستان تائێستا لە هەڵەبجە 1005 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیەش 909 کەسیان چاکبوونەتەوە و 17 کەسیشیان گیانیان لەدەستداوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەوەش هاتووە لەئێستادا 79 تووشبووی کۆرۆنا لە هەڵەبجە لە ژێر چارەسەری پزیشکیدان.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا سەرۆکی تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەڵەبجە گوتیشی: ئەگەر ڕۆژانە 100 پشکنین بکرێت ئەوا 50یان پۆزەتیڤە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا لە شارەکەدا زۆر لەوە زیاترە کە باس دەکرێت. ئامارەی بەوەشدا تاقیگەی تایبەت بە پشکنینی کۆرۆنا لە هەڵەبجە تەنها توانای 300 پشکنینی دیکەی ماوە و پاش ئەوە ناتوانرێت پشکنین ئەنجام بدرێت. د.جیهاد ئیبراهیم باسی لەوەشکرد کە تەواوی پشکنینەکانی تایبەت بە کۆرۆنا لە پارێزگاکەدا لەلایەن تەنها سێ کارمەندەوە ئەنجام دەدرێت.

ئەو پزیشکە نیگەرانە لەوەی هەر نەخۆشێك بیەوێت پلازمای خۆیێن وەربگرێت دەبێت ڕەوانەی سلێمانی بکرێت. وەکو ئەو دەڵێت: تەندروستی هەڵەبجە ئامێری جیاکردنەوەی پلازمای خوێنی نییە. لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە چەند مانگێك لەمەوبەر داوای لە وەزیرانی تەندروستی و دارایی کردووە کە ئامێرەی تایبەت بە جیاکردنەوەی پلازمای خوێن بۆ شارەکە دابین بکەن، بەڵام تا ئەم ساتە هەردوو وەزیر بەدەم داواکاریەکەوە نەهاتوون. بەپێی ئاماری تەندروستی هەڵەبجە تائێستا 150 ڕزگاربووی کۆرۆنا پلازمای خوێنیان بەخشیووە.

تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەڵەبجە هۆشداری ئەوەشیان دا نەخۆشخانەی وەفا توانای وەرگرتنی تەنها پێنج نەخۆشی دیکەی ماوە و پاش ئەوە ناتوانێت هیچ نەخۆشێکی کۆرۆنا وەربگرێت. د.جیهاد ئیبراهیم دەڵێت: لەبەر کەمبوونەوەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی دڵنیانین لەوەی کە ئایا بەیانی دەتوانین خزمەتی ئەو نەخۆشانە بکەین کە لە نەخۆشخانەکەدان. هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەگەر لە نەخۆشخانەی وەفا شوێنی نەخۆش نەمێنێت لەبەرنامەیاندایە نەخۆشخانەی دووەم بکەنەوە و بۆ ئەو مەبەستەش نەخۆشخانەی کیمیابارانیان دیاریکردووە.

تیمەکە داوایان لە وەزیری تەندروستی و حکوومەتی کوردستان کرد ئاوڕی جدی لە دۆخی تەندروستی هەڵەبجە بدەنەوە و ئەوەی پێشکەشی شارەکانی دیکەی دەکەن بۆ هەڵەبجەشی بکەن. دووپاتیان کردەوە ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا حکوومەت بەدەم داواکاریەکانیانەوە نەیەت ئەوا توانای خزمەتکردنی نەخۆشخانی کۆرۆنایان نامێنێت و دەست لەکارەکێشنەوە. جیهاد ئیبراهیم لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا گوتیشی: دۆخی کۆرۆنا لە هەڵەبجە زۆر ترسناکە. داوای لە هاونیشتیمانیان کرد چی دیکە لە خۆپارێزی خەمساردی نەنوێنن و ڕێنمایە تەندروستیەکان جێبەجێ بکەن.

سەرۆکی تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە پارێزگای هەڵەبجە دەشڵێت: هیچ بوودجەیەکمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەم کاتەدا لەبەردەست نییە و زیاتر سەرمایەدان و خێرخوازان یارمەتی پێشکەش بە نەخۆشخانەی وەفا دەکەن. د.جیهاد ئیبراهیم سوپاسی چەند سەرمایەدارێکیشی کرد کە بە بەردەوامی هاوکاریان دەکەن. بەوتەی ئەندامانی تیمەکە تائێستا حکوومەتی کوردستان تەنها 170 ملیۆن دیناری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە پارێزگای هەڵەبجە تەرخانکردووە.

بڕیاری قەدەغەکردنی هەناردەی زێڕ 90%ی مامەڵەکردنی بازاڕی ڕاگرت

سەندیکای زێڕنگەرانی هەولێر: ئەگەر بڕیارەکە بەردەوام بێت، 500 ـ 600 زێڕنگەریان واز لە کارەکەیان دەهێنن

هەندرێن عەبدولڕەحمان: لە بازاڕی هەولێر ڕۆژانە 50 کیلۆ گرام زێڕ مامەڵەی پێوە دەکرا، ئێستا کەمبووەتەوە بۆ پێنج کیلۆ گرام

خەبات: هەولێر

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ڕێگەی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقەوە بڕیاری قەدەغەکردنی هەناردەکردنی زێڕی گەیاند بە فڕۆکەخانەی هەولێر، سلێمانی و بەسرە و چەند ڕۆژێکە زێڕ لە کوردستانەوە نەچووەتە دەرەوە. بازرگانیکردن بە زێڕ لە هەرێمی کوردستان هەمیشە بازاڕی گەرم بووە، سەرچاوەی کرین و فرۆشتنی زێڕی کوردستان، تورکیا و ئیماراتە، سااڵنە بەپێی هەندێك داتای نافەرمی نزیکەی 30 تۆن زێڕ لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە مامەڵەی پێوە دەکرا، لەو کاتەیش کە نرخی زێڕ بەرزبووەوە بەپێی بەدواداچوونێکی پێشتری ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژانە هاووڵاتیانی هەولێر نزیکەی 100 کیلۆگرام زێڕیان دەفرۆشت و بۆ تورکیا دەنێردرا، بەڵام بڕیارەکەی حکوومەتی عێراق مامەڵەکەی لەم چەند ڕۆژەدا بۆ نزیکەی 10 کیلۆگرام کەم کردووەتەوە.

گوتەبێژی سەندیکای زێڕنگەرانی هەولێر، هەندرێن عەبدولڕەحمان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: بڕیارەکە لە هەرێمی کوردستانەوە گەیشت بە ئێمە، بەداخەوە بڕیارێکی خراپ بوو زیانێکی زۆر لە زێڕنگەرانی هەرێمی کوردستان دەدات، زیانی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت دوای ئەوانیش بۆ زێڕنگەران، بۆیە وەك سەندیکا داواکارین لە حکوومەتی عێراق هۆکاری بڕیارەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە و پێداچوونەوەیش بەم بڕیارەدا بکات بۆ ئەوەی بازرگان و زێڕنگەران و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زەرەرمەند نەبن.

هەندرێن عەبدولڕەحمان دەربارەی هۆکارەکانی پشت دەرچووانی بڕیارەکە گوتی: تا ئێستا بە فەرمی و لە لایەنێکی فەرمییەوە هۆکاری دەرچووانی بڕیارەکە ڕوون نەکراوەتەوە بۆ ئێمەش ڕوون نییە کە ئەم بڕیارە بۆچی دراوە، لەوانەیە بڕیارێکی سیاسیی بێت، بەڵام ئەمەیش دیار نییە و ئێمە نایزانین، بەبۆچوونی من وای دەبینم کێبڕکێی کەرتی تایبەت بێت لەنێوان بازرگانی زێڕ لە هەرێمی کوردستان و بەغدا، ڕەنگە بازرگانانی زێڕ لە بەغدا هەوڵێکی وایان دابێت ئەم بڕیارە بدرێت، ناتوانم کەس تۆمەتبار بکەم، بەڵام ئەمە بۆچوونی منە.

گوتەبێژی سەندیکای زێڕنگەرانی هەولێر دەربارەی دۆخی بازرگانیکردن بە زێڕ لە بازاڕی هەرێمی کوردستان لە دوای بڕیارەکەوە گوتی: مامەڵەکانی هەموو ڕاگرتووە، خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێیەکی زۆر کردووە، ئێستا خەڵك نازانێت زێڕ بفرۆشێت یان بیکرێت، ئەگەر ڕێژەیەك بە نموونە وەربگرین، بۆ نموونە ئەگەر پێشتر لە بازاڕی هەولێر ڕۆژانە 50 کیلۆگرام زێڕ مامەڵەی پێوە کرابێت ئێستا کەمبووەتەوە بۆ کەمتر لە پێنج کیلۆگرام واتا 90% مامەڵەکە کەمی کردووە.

هەندرێن عەبدولڕەحمان گوتیشی: نرخی زێڕ لە بازاڕ و بۆرسەی جیهانیدا هێشتا هەر بەرزە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەم دۆخەوە لە هەرێمی کوردستان بە نرخێکی زۆر کەمتر زێڕ لە هاووڵاتیان دەکڕینەوە، چونکە بۆ ئێمەیش کە دەیفرۆشین کەمترمان بۆ دەکات و تێچووی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنەکە لەسەر ئێمە زۆر زیادی کردووە، جاران جیاوازی نێوان زێڕی شکاو و زێڕی نوێ شەش بۆ حەوت هەزار دینارێك بوو، ئێستا چووەتە سەروو 30 هەزار دینار.

گوتەبێژی سەندیکای زێڕنگەرانی هەولێر، دەربارەی ڕێگای نوێی ناردنە دەرەوەی زێڕی هەرێمی کوردستان تا کاتی کردنەوەی فڕۆکەخانەکان گوتی: ئێستا هیچ ڕێگەیەکی فەرمییان نییە بۆ ناردنە دەرەوەی زێڕ، مەگەر بە ڕێگای گوند و قەزا و ناحیەکاندا بینێرین بەرەو مووسڵ و بەغدا کە ئەمەیش ڕێگای مەرگ و هات و نەهات و ڕفاندن و لێسەندنی زێڕە و ڕێگای تیرۆر و تۆقاندنە، بۆیە ماوەی چەند ڕۆژێکە دەتوانم بڵێم، زێڕ لە هەرێمی کوردستان نەچووەتە دەرەوە.

بەپێی ئامارەکانی سەندیکای زێڕنگەران نزیکەی هەزار و 700 زێڕنگەر لە هەرێمی کوردستان هەیە و بە گوتەی هەندرێن عەبدولڕەحمان ئەگەر ئەو دۆخە تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، ئەوا زێڕنگەران تووشی زیانێکی گەورەدەبن و نزیکەی 500 بۆ 600 زێڕنگەریان واز لە کارەکەیان دەهێنن لەبەر ئەوەی ئەو پارەیەی لەم پیشەیەدا خەرج دەکرێت زۆرە کە ئەگەر لە هەر کارێکی دیکەدا بەکاری بهێنن قازانجی زیاتر دەکەن.

بڕیارەکە لەڕێگەی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقەوە گەیشتووەتە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و بەسرە، بەڵام بەڕیوەبەری ڕاگەیاندن لە دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی، جیهاد دیوان ڕایگەیاند: ئەوەی دەرچووە بڕیاری ئێمە نییە و پەیوەندیشی بە ئێمەوە نییە، بۆیە ئێمە وەك دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق قسەی لەسەر ناکەین.

ڕوونکردنەوە: لاپەڕەی ڕیپۆرتاژ کە ڕۆژانە دەکەوێتە لاپەڕەی حەوتەم، تەنیا بۆ ئەم ژمارەیە ڕیپۆرتاژ لە لاپەڕە 14 دەبێت.





تازەترین دیمانەی مێسی دوای بڕیاری مانەوەی لە بەرشلۆنە

مێسی: دەمتوانی بەڕێگای دادگا لە بەرشلۆنە بڕۆم، بەڵام هەرگیز نەمویستووە لە دادگا بەرامبەر یانەکەم بووەستمەوە

وەرگێڕانی: هاوار مورتکەیی



- ئەوەی کە رووی دا ، یارمەتیان دام لە بەدەرخستنی رووی راستەقینەی هەندێ کەس
- زۆر ئازار دەکێشم کاتێك گومان لەخۆشەویستیم بۆ بەرشلۆنە دەکرێت

کاتێك لەماڵەوە گوتم بەرشلۆنە جێدەهێڵم، خێزان و منداڵەکانم هەرهەموویان دەستیان بەگریان کرد



سایتی goal.com دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ لیۆ مێسی ئەنجامداوە و تیایدا هۆکارەکانی داواکردنی رۆیشتنی لە بەرشلۆنە و و کێشەکانی لەگەڵ جۆسیپ ماریا بارتۆمیۆی سەرۆك ئاشکرا دەکات، لەم دیمانەیەدا هۆکاری راستەقینەی پاشگەزبوونەوەی لە دوا ساتەکاندا لە یانە کەتەلۆنیەکە دیاری دەکات، ئەمەش دەقی دیمانەیەکەیە:

***ئەو هەموو ماوەە تێپەڕی بەبێ قسە کردنت ؟**

-یەکەم شت دۆڕانەکەی لشبۆنە زۆر سەخت بوو بۆم، دەمانزانی کە بارن میونشن رکابەرێکی سەختە، بەڵام نەماندەزانی لە کۆتاییدا کارەکان بەم شێوەیە کۆتایی دێت، زۆر بەهەژار وێنەی یانە و شارەکەمان نیشاندا، هەستم بەهیچ نەدەکرد کە پێی هەستم، پێم باش بوو کات بڕوا ئینجا قسەبکەم.

***بۆچ بەرشلۆنەت ئاگادارکردەوە کە دەتەوێت بڕۆی؟**

-یانەکەو و سەرۆکی یانەکەم ئاگادار کردەوە کە دەمەوێت بڕۆم لە بەرشلۆنە، بەدرێژایی ئەو ساڵە هەر پێم دەگوتن، بەڵام پێم وابوو ئێستا کاتێکی لەبارە بۆ رۆیشتن، پێم وایە یانەی بەرشلۆنە پێویستی بە لاو و خۆنوێ کردنەوەیە، بیرم کردەوە کە ئیتر کات من لەو یانەیە تەواو بوو، زۆر هەستم بە بێزاری دەکرد کە کاروانەکەم لێرە کۆتایی هات، ئەمساڵ زۆر سەخت بوو، ماندووبووم لە راهێنان و ژووری جل وبەرگ گۆڕین، کاتی هات کە بەدوای بەرەنگاربوونەوەیەکی تازە هەنگاو بنێم.

هەروەها مێسی گوتی: داواکردنی جێهێشتنم لەبەرشلۆنە لەبەر ئەنجامەکەی بەرامبەر بایرن میونشن نەبوو، لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ماوەیەکی زۆرە بڕیارم دابوو کە یانەکە جێبهێڵم، هەربۆیەش سەرۆکی یانەکەم بەبڕیاری کۆتایی خۆم لە گەڵ کۆتایی هاتنی وەرز ئاگادار کردەوە.

***پێشتر هیچ هەستت بەتەنهایی کردبوو؟**

نەخێر، هەستم بەتەنهایی نەکردووە، هەمیشە کەسێك لەگەڵم بووە، ئەو کەسانە هێزی پێویستیان پێبەخشیم، بەڵام هەستم بەئازار دەکرد کاتێك لەو کەسانە و میدیاکان باسی تاچەند پابەندبوونی منیان لەگەڵ بەرشلۆنە دەکرد، هەندێ شتیان دەگووت کە شایستەی من نەبوو، بەڵام ئەوانەی کە رووید ا ئەوا رووی دا، رووی را ستە قینە ی هە ند ێ کەسی بۆ دەرخستم.

هەروەها گوتی: جیهانی تۆپی پێ زۆر سەختە، کەسانی دووڕوو زۆرن و لەهەر رووداوێکدا رووی راستەقینەی ئەوانەم بۆ دەردەکەوێت، زۆر ئازار دەکێشم کاتێك گومان لەخۆشەویستیم بۆ بەرشلۆنە دەکرێت، گرنگ نییە دەمێنمەوە یان دەڕۆم، بەڵام خۆشەویستیم بۆ بەرشلۆنە هەرگیز ناگۆڕێت.

***بەدرێژایی 20 ساڵی رابردوو ئازارترین شت بۆ مێسی چ بووە؟**

لەراستیدا هەموو شتێك باسکردنی هاوڕێکان و سەروەت و هەموو ئەوانەی لەسەرم گوتراون بوونەتە مایەی ئازاردانم، من هەمیشە بەرشلۆنەم خستۆتە پێش هەموو شتێکەوە، زۆر جار توانام هەبووە کە یانەی بەرشلۆنە جێبهێڵم، هەموو ساڵێك دەمتوانی بەرشلۆنە بەجێ بهێڵم و پارەی زیاترم دەست بکەوێت، بەڵام هەمیشە مانەوەم لەماڵەکەی خۆم هەڵبژاردووە.

لێرە سەختە بڕیارلەسەر باشترکردن بدەیت، بەڵام هەست دەکەم و بەپێویستی دەزانم گۆڕانکاری و بەدوای ئامانجی تازەوە بەگەڕێن.

***لەکۆتاییدا هەردەبێ ئەو 20 ساڵەت لەبەرشلۆنە بەجێبهێڵی، تەمەنی خۆت لەگەڵ خێزانەکەت لەو شارەدا بەسەر بەریت، ئەمە زۆر ئاسان نەبوو بۆتۆ، دواجار تێگەیشتین سەرباری هەموو ئەمانە کە لەبەرشلۆنە بەردەوام دەبیت؟**

-بێگومان ئەمە بۆ من بڕیارێکی زۆر سەخت بوو، دیسان دەڵێمەوە ئەم بڕیارە لەبەر ئەمجامەکەی بایرن نەبوو، هەمیشە ئەوەم گوتووە، پرۆژەی بەدیهێنانی ناسناوەکان لەپێناو بەردەوام بووم لەنووسینەوەی ئەفسانەی بەرشلۆنە، لەراستیدا ماوەیەکی زۆرە هیچ پرۆژەیەکی لەمشیوەیە لە بەرشلۆنە بوونی نییە، بینەوبەردەیەکی زۆر و بەربەست دروستکردن هەیە، هەموجار ئەوەم گووتووە کە ئەوەی من بۆی دەگەڕێم، خێربووە بۆ بەرشلۆنەو خێزانەکەم.

***چی رووید کاتێك بەخێزانەکەت گووت دەتەویت بەرشلۆنە جێبهێڵیت؟**

-کاتێك خێزان و منداڵەکانم لەو هەواڵە ئاگادار کردەوە، شتەکان هەمووی وەك دراماییەك لێهات، هەموویان دەستیان بەگریان کرد، منداڵەکانم رەتیانکردەوە بەرشلۆنە بەجبهێڵم و ئەوانیش قوتابخانە بگۆڕن، بەڵام من دوورتر سەیرم کرد، دەمەوێ لەسەر باشترین ئاست رکابەری بکەم، ناسناوەکان بەدەست بهێنم، بەتابەتیش خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە باش دەزانم ئەمە پاڵەوانێتییەکی سەختە، بەڵام پیویستە رکابەر لەسەر بکەین، بەڵایەنی کەمەوە رکابەری بکەین نەوەك بکەوین هەروەك لە رۆما و لیڤەرپوول و لشبۆنەدا رووید، هەموو ئەمانە وای لێکردم ئەم بڕیارە بدەم، پێم وابوو من سەربەستم لە رۆیشتنم لە بەرشلۆنە هەروەك هەموجار لەکۆتایی وەرز سەرۆکی یانە پێی دەگوتم، ئێستا باس لەراستییەك دەکەن کە بەر لە 10ی مانگ پێم نەگوتبوون، بەڵام لەم بەرواردە لەبارودۆخێکی خراپ کە ئەو پەتایە هینایە پێشمان، ئێمەرکابەری لە سەر لالیگا دەکەین، ئەم هۆکارانە بوون کە وای لێکردم لە بەرشلۆنە بەردەوام بم، سەرۆکی یانە پێی گوتم تاکە رێگا بۆ جێهێشتنی ئەو یانەیە دەبێ 700 ملیۆن یورۆ بدەی، کە ئەمەش مەحالە، رێگای دەکەهبوون بۆ رۆیشتن ئەویش دادگا، بەڵام هەرگیز نەمویستووە بەرامبەر بەرشلۆنەوە بوەستم و بیرم لەو هەڵوێستە نەکردۆتەوە، چونکە ئەو یانەیەم خۆش دەوێ بەتاییەتی دوای ئەو هەموو ەی لەمندالییەوە پێی بەخشیوم، بەرشلۆنە هەموو شتێکی پێ بەخشیوم، منیش ئەوەی لەتوانامدا هەبووە لەپێناو ئەو یانەیە کردوومە، بێگومان ئەو بیرۆکەیە بەمێشکم دا نایەت کە بچم لەدادگا بەرامبەر بەرشلۆنە بوەستمەوە.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Sun.6 Sep. 2020 No.:(5999)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمەیڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com



ڕێورەسمێکی شکۆدار بۆ چلەی دایکە عائیشە و پەردەلادان لەسەر وێنەیەکی دایکەعائیشە لە تەلاری پەرلەمان
٢ی٩ی ٢٠٢٠ پەرلەمانی کوردستان

فیلمی خەڵوەتی عیشق بەشداری لە فێستیڤاڵێکی سینەمایی نێودەوڵەتی لە ئیسپانیا دەکات

کورتە فیلمی خەڵوەتی عیشق تیشک دەخاتە سەر ژیانی (عەلی عاشق)



فیستیڤاڵەکە لە ٩ی تشرینی دووەم تاکو ١٣ی تشرینی دووەم لە شاری بەرشلۆنەی ئیسپانیا بە بەشداری سەدان فیلم لە سەرانسەری جیهان ئەنجام دەدرێت ،ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە پێشتریش فیلمەکەیان لە پێشتریش فیلمی دیکۆمێنتاری (خەڵوەتی عیشق) بەشداری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی Lift-Off کردووە و ئێستاش لە قۆناغی پێش کۆتاییە لە فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی LELOUN International Film Festival کە لە وڵاتی سووریا بەڕیوەدەچێت کورتە فیلمی خەڵوەتی عیشق (Love Solitude) تیشک دەخاتە سەر ژیانی (عەلی عاشق) کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە چیا و چۆڵی کوردستان دەژیێت. عەلی عاشق دوابەدوای ئاگرمێدبوونی لە گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی بریاری ژیانی تەنیایی و دوور لە خەڵکی داوە. فیلمەکە سەردار ستار کاری دەرهێنانی کردووە و محەمەد دەرگەڵەیی پرۆدیوسەری بووە.

فیلمەکە بەرۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند: فیلمەکەمان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی LHospitalet de Llobregat (International Film Festival بەشداری دەکات،گوتیشی

محەمەد دەرگەڵەیی

فیلمی خەڵوەتی عیشق (Love Solitude) لە فێستیڤاڵێکی سینەمایی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ئیسپانیا بەشداری دەکات،محەمەد دەرگەڵەیی، پرۆدیوسەری

جیهاد دڵپاک قوتابخانەیەکی مەزن بوو لەئەزموونی هونەری منداا

ڕوناک دڵپاک: بۆ ئەوەی کاری باشتر بکرێت هونەرمەندان پێویستیان بە پاڵپشتیکردنی لایەنی پەیوەندارە





دیمانە: هێمن ئاری

ڕوناک دڵپاک، ئافرەتێکی دیاری نێو هونەری نواندنەو بەشداری لەچەندین کاری هونەری کردووە . ئەو هەمیشە بەبەرجەستەکردنی ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینێت سەرەنجی بینەر بۆ خۆی ڕادەکێشت و کارەکتەرێکی دیار و لێوەشاوەی نێو بەرهەمە هونەرییەکانە. ڕوناک دڵپاک خێزانی گەورە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو جیهاد دڵپاکە.

لەم دیانەیەی ڕۆژنامەی خەباتدا نایشارێتەوە کە هونەرمەند جیهاد دڵپاک قوتابخانەیەکی گەورەبووە لەژیانی هونەری ئەودا و هەمیشە هاوکارو پاڵپشتی بووە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ منداڵەکانیش.

دڵپاک وەک هاوڕێ و هاوسەر، مامۆستایەک بوو هەم بۆ خۆم و هەم بۆ منداڵەکانیش بەتایبەت لەبواری هونەریدا

ئەگەر بمانەوێت وڵات و کۆمەڵگا پێش بخەین پێویستمان بە پێش خستنی هونەرە

هونەر و ڕۆڵی جیهاد دڵپاک

سەبارەت بەئەزموون و کارکردنی لەنێو بواری هونەر خاتوو ڕوناک دڵپاک لەم دیانەیەی ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

من لەساڵی ١٩٨٥ دا دەستم بەکاری هونەری نواندنکردووە و لەچەندین کاری هونەری وەک فلم و دراماو شانۆگەری جیاجیا وەک ئەکتەر بەشداریمکردووە. هەروەها سەبارەت بەهەڵبژاردنی هونەری نواندن و کارکردنی لەم بواره و کاریگەری خوالێخۆشبوو هونەرمەند جیهاد دڵپاکی هاوسەری تا چەند کاریگەری لەسەر هەبووە ، بۆ ئەوە ڕوناک دڵپاک پێیوایە خوالێخۆشبوو هونەرمەند جیهاد دڵپاک کاریگەری هەبووە لەسەری و دەڵێت: دڵپاکی هاوڕێ و هاوسەر وەک مامۆستایەک بوو هەم بۆ خۆم و هەم بۆ منداڵەکانیش بەتایبەتیش بۆ کاری هونەری و هاتنان بۆ نێو ئەم بواره.دڵپاک قوتابخانەیەکی مەزن بوو لەئەزموونی هونەری منداا و هاوکارێکی باشی من بوو.

ئاستەنگ و خێزان

هەروەها سەبارەت بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لەژیانی هونەری وەک ئافرەتێک هاتوونەتە بەردەمی لەژیانی هونەریدا ، هونەرمەند ڕوناک دڵپاک دەڵێت: نەبوونی ئافرەت لەو سەردەمەدا ڕێگرییەکی دیاربوو لەبواری هونەردا، ڕازی نەبوونی خێزانەکان لەبەشداریکردنی هونەردا کارێکی زەحمەت بوو ڕێگەبدەن بەشداربێت ، بەڵام خۆش بەختانە ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو بۆمن بەپێچەوانەی

پێویست بەبایەخی زیاترە

لەکۆتایشدا ڕوناک دڵپاک هیوای خواست بایەخی زیاتر بەکاری هونەری بدرێت و زیاتر لەو وارچێوەی هەیە هانگاوی باشتر بهاوێژێت ، پێویستیشە لایەنی پەیوەندار بودجەیەکی تایبەت و باش بۆ کارە هونەرییەکان تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی هونەرمەندان و دەرهێنەرەکان بتوانن کاری باشتر بکەن. ئەوەی وڵات و کۆمەڵگە پێش دەخات هونەر و ئاستی هونەرییە بۆیە پێویستە زیاتر بایەخی پێبدرێت..

زۆرێک لەخێزانەکان لەو سەردەمدا خێزانەی من هاوکار و پاڵپشتم بوون لەهاتنم بۆ نێو بواری هونەری.

کارە بەشداربووەکان

هەروەها خاتوو ڕوناک سەبارەت بەو بەرهەمانەی وەک کارەکتەر ڕۆڵی تیایاندا بینیووە دەڵێت: لەچەند کاری هونەری بەشداربوومە وەک ئەکتەر ئەوانیش بریتین لە شانۆ و دراما و فلم وەک : ژاڵە ، سیتای ئاسنین ، چارەنووسی ئادەمیزاد ، خولە پیزە ، گردی پیرۆز ، گوڵی خوێناوی، گەڕان بەدوای سێبەرەکان ، گەردەلول ، ژیلەمۆ ، سایە ، لاپەڕەکانی کەرکوک ، لەگەڵ دوو کورتە فلم بۆ سەگی برسی و چەندین کاری دیکە ناکرێ هەموویان ئاماژە پێبکەم.

بینەری ئێستا و دڕامای بیانی

هەروەها سەبارەت بەبینەری ئێستا و ئاشنابوونیان بەبەرهەمە بیانییەکان و هۆکاری ئەمە ڕوناک دڵپاک گوتی: هۆکاری سەرەکی بووە بەکلتوور هەروەها کەم بوونی کارێکی هونەری کە بێتە هۆی تێرکردنی چاوی بینەر لەڕووی هونەری بەداخەوە. سەبارەت بەم کارانەی لەم چەند ساڵەی دوای کراون ڕوناک گوتی: وێڕای دەستخۆشیم بۆ هەموو کارە هونەرییەکان دەستی ماندووبوونیان دەکوشم ،هەڵبەت هیچ کارێک بێ کەم و کوڕی ناکرێت ،هیوادارم زیاتر و زیاتر کاری باشتر بکەن و بەرەو پێشتر بڕۆن.

